

# گەشتێك بە کارگەی جۆڵاییدا

**فەرهەنگۆکی وشە و زاراوەکانی جۆڵایی بە شێوەزاری مەهابادی**

لێکۆڵینەوەی: عەبدوڵڵا سەمەدی

مەهاباد - زستانی ١٣٨٨

* ناوی کتێب: گەشتێك بە کارگەی جۆلایی دا

* نووسەر: عەبدوڵڵا سەمەدی

* پیتچنین: نووسەر

* نەخشەسازی بەرگ: عوسمان پیرداود .

* سەرپەرشتی چاپ: د. عوسمان دەشتی

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٢١).

* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

* تیراژ: ٥٠٠ دانە.

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ٦١٣ )ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.



# پێڕست


پێشەکی ........................................ ٥-١٤

کورتە نیشانەکان ........................................ ١٥

A). فەرهەنگۆکی دەزگای جۆلایی ........................ ١٧-٣٦

B). وشەو کەرەستەو زاراوەکانی جۆلایی .................... ٣٧-٥٨

C). وشەو کەرەستەو زاراوەکانی پێوەندیدار بە جۆلایی........ ٥٩-٧٠

D). کرەکانی جۆلایی ........................................ ٧١-٧٤

E). نەخشی کرەکانی جۆلایی ........................ ٧٥-٧٩

پێرستی وشەو زاراوەکانی بە گشتی ........................ ٨٣-١٠٥

سەرچاوەکان ........................................ ١٠٧-١٠٩










# پێشەکی

ژیانی ماشێنی و وەگەڕکەوتنی چەرخی کارخانەکان و پیشەسازیی نوێ، ڕەوتی زەمان و بەرەوپێشچوونە و گەڕاونەوەی بۆ نییە. لە لایەکی تر سەنعەتە دەستکردەکانی پێشوو بە کۆڵێک داب و نەریت و فەرهەنگ و زمان و فۆلکلۆرەوە جێگەیان پێ لێژ بووە و هەر ڕۆژە بەشێکیان درز دەبا و بزگوڕێکیان لێدەفەوتێ. ئێمە لە کاتێکدا بە باوەشی ئاوەڵاوە پێشوازی لەم پێشکەوتنانە دەکەین، دەبێ بزانین ئەوەی وردەوردە و بە بێدەنگی خەریکە لەناو دەچێ و دەڕوا، لاپەڕەیەکی زێڕینی پێشکەوتنەکانی دوێنێ بووە و بەشێکە لە بنەمای فەرهەنگی ئەمڕۆمان. کەوایە دژایەتی کردنی ڕەوتی نوێ، بە مانای دژایەتی کردنی شارستانییەت و پێشکەوتنە و هیچ بەهرەیەکی جگە لە بەجێمان و دواکەوتوویی لێناکەوێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی دوێنێش وەکی مێژووی فەرهەنگ و شارستانییەت و ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بە وردی و سرنجەوە تۆمار بکرێ و بمێنێتەوە. واتە پێویست نییە هەر لەسەر شێوەی ڕابردوو بژین، بەڵام گرینگە کە چۆن سەودا لەگەڵ فەرهەنگی ڕابردوو بکەین. سەنعەتە دەستکردەکان لایەنێکی بەهێزی هونەریشیان تێدایە. ئەو کەسەی بە دەست، کارێک ئەنجام دەدا و شتێک ساز دەکا، سەلیقە و زەوق و لێهاتوویییەکانی خۆی تێدا دەنوێنێ، هەروەها خۆزگە و ئارەزووەکانیشی تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە سەنعەتکار، بەرەو دنیایەکی ئاوەڵاتر بڕوا و ببێتە هونەرمەند. شۆڕشی پیشەسازی و دوابەدواش ئەو کۆبەرهەمهێنانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد، ژیانی

مرۆی بە تەواوی گۆڕی و ڕەنگێکی تری بە جیهان بەخشی، کە لێکدانەوەی سوود و زیانی ئەو گۆڕانکارییە لە لایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە قسەی لەسەر کراوە و دەکرێ. ئەوەی ئاشکرایە و بە چاو دەیبینین، ئەوەیە کە سەنعەتە دەستییەکان، یا بە واتایەکیتر، هونەرە دەستییەکان، لانیکەم لە کۆمەڵی ئێمەدا، هەتاوی تەمەنیان لە ئاوابووندایە و ڕۆژبەڕۆژ کەمتر دەبنەوە. ئێستا لە شاری مەهاباد زۆر بە زەحمەت کارگەیەکی جۆلایی دەدۆزرێتەوە. من بۆ ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییەم لە شاری مەهاباد توانیم پێنج جۆلا ببینمەوە، کە ڕەنگە هەر ئەم پێنج کەسە بن و لەوانەیە لانی زۆر یەک کەسی تریشی لەسەر زیاد بکرێ. لەم پینج کەسە یەکیان قەدیم جۆلا بووە و ئێستا لەسەر ڕێگای ناو بازاڕ بە دەستفرۆشیی میوەوە خەریکە. داوام کرد دەزگا کۆنەکەی ببینم و هەندێ وێنەی لێبگرم، گوتی: چەند ساڵ لەمەوبەر منداڵەکان بۆ ئاگری نەورۆز کە دار و تەختەیان کەم هێنابوو، شە و گورد و دەفە و باقی ئەسپابەکانی منیان کە بە بێمەسرف و زیادی زانیبوو، سووتاندبوویان و بازدیان بەسەردا دابوو. یەکی تریان لەبەر بێکاری دەزگاکەی هەڵوەشاند بوو و لە گۆشەیەکی سەر بان هەڵیچنیبوو، و بە کرێکارییەوە خەریک بوو. یەکی تر لە ژێر زەمینی ماڵی خۆی دەزگای دامەزراندبوو و تەنیا زستانان کە کاری مەزرا و کشتوکاڵ نییە جۆلایی دەکرد. دوو وەستاکەی تریش هەر لە ماڵی خۆیان عەمبارێک یا خەڵوەتییەکیان تەرخان کردبوو و دەزگایان لێدانابوو و وەکی کارێکی لاوەکی جارجار لەسەری دادەنیشتن، کە لەوانیش یەکیان لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کارگەکەی خڕکردەوە و کردیە بوتیکێکی نوێ بۆ کوڕە گەنجە بێکارەکەی خۆی. کەوایە تاکە وەستایەکم نەدیتەوە کە لە ڕێگەی جۆلایییەوە بژی و بە ڕەسمی کار بکا، یا شاگردێک بۆ دوای خۆی ڕابێنێ. لە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەشت کەڕەت سەردانی ئەو سێ کارگەیەم کرد، لەم سەردانانەدا ٥سەعات و سیوحەوت دەقیقە وتووێژم لەگەڵ تۆمار کردن و سەرجەم ٣٨٤ وێنەم هەڵگرتەوە. ئاکامی کارەکەم بوو بە ئەم

فەرهەنگۆکە **٢٣٦** وشەیی‌یە بە **١٣٨** وێنەوە. بەشێکی بەرچاوی ئەم وشە و زاراوانە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا تۆمار نەکراون و لێرەدا بۆ یەکەمجارە ڕاڤە دەکرێن؛ ئەو دەستەیەش کە فەرهەنگەکان گرتوویانن، بە وردی ڕاڤەیان نەکردوون، بەڵکوو هەر بە ڕستەیەکی کورتی وەک: «ئامرازێکە لە جۆلاییدا»، بە سەریاندا تێپەڕیون و خوێنەر ناتوانێ بزانێ ئەو وشەیە چییە، بە چ مانایەکە یا لە جۆلاییدا چ ئەرکێک ئەنجام دەدا. جگە لەوەش ژمارەی ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگەکاندا تەواو بە هەڵە مانا کرابوونەوە کەم نەبوو، کە لێرەدا بە پێویستم نەزانی بەشێکیش بۆ ئەوان تەرخان بکەم و ڕاستیان بکەمەوە، چونکە ئەم فەرهەنگۆکە خۆی بە مانای ڕاستکردنەوەی ئەوانیشە.

هەرکام لەو سەنعەتە دەستییانە کە بە زەبری زەمانماڵئاوایی دەکەن و جێگەی خۆیان دەدەنە سەنعەتی نوێ، بەشێکی گرینگ و بەرچاوی زمانیش بە دوایاندا دەڕوا و ناگەڕێتەوە. ئەو زمانەی کە لەگەڵ سەنعەتەکە دەڕوا و دەفەوتێ، هەر بە تەنیا پێوەندی بە سەنعەتەکەوە نییە، بەڵکوو لە شێعر و ئەدەب و فۆلکلۆرەکەشماندا ڕیشاژۆی کردووە و بەشێکە لە دەسمایەی فەرهەنگیمان و بە سەدان وشە و زاراوەی لەم بابەتانە کەوتوونە ناو شێعری شاعیران و بەرهەمە ئەدەبییەکانمان، کە ئەگەر ئێمە نەیانناسین و لە مانایان تێنەگەین، لە شێعر و بەرهەمە ئەدەبییەکەش تێناگەین. لە خەیاتیدا کۆمەڵە وشە و زاراوەی وەک «کۆبە، تەریب، پشتی دەرزی هەڵوێزنان، دەزگا، هوڕڕە، شەوکار، ڕیندۆڵ، ڕوودۆز، جوستە، گرۆڵ، لالوقمە، بەربڕین، باریکە لێدان، بڕشت کردن، خەڵیفی کردن، هەڵدروو کردن،...»، لە ئاسینگەریدا «کەڵتە، دمەسوو، گووراسن، دەماندن،...»، لە نەجاڕیدا «هێلم، برغوو، خەڕەکی نەجاڕی، نیماونیم کردن، ڕاژانە، کانەوزبانە، سەرڕەوارە، ئەسپەرە،...»، لە نانکردندا «کەپەک، کۆڵوو، کۆڵەوەژ، گولێنە، قەلانگ، دەوە، کەمرە، وردە، پنە، تیرۆک،...»، لە کشتوکاڵدا «قەسەڵ، نیروئاموور، باسکێش، پاشبارە، سەرمژانە،...»، لە تەنەکەسازیدا «پنجکردنەوە، قالبتەنە، نایە،

دارنایە، غولام، گژنیژ، سمۆ، قاشقاش، قالب، ڕەزبە، قسلّوهێلکە،...» و... زۆربەیان فەوتاون و نەماون، هەندێکیشیان لە ئاویلکەی فەوتان دان. ڕاستە کە لە نێو زمان و نەتەوەکانی دیشدا ئەم دیاردەیە هەیە و ئەم ڕەوتە خەریکە ڕێگای خۆی دەبڕێ، بەلام جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەوان وشە و زاراوەکانی ڕابردوویان لە قامووسی گەورەدا تۆمار کردووە و لەسەر مێژوو و بەسەرهاتی هونەر و سەنعەت و زمان و فۆلکلۆری خۆیان کاری پێویستیان کردووە. دنیای ڕابردوو دەگۆڕێ، بەلام سامانی ڕابردوو فڕێ نادرێ، بەلّکوو پاشەکەوتێکە و بۆ ڕۆنانی دنیای نوێ دەکرێتە دەسمایە. کەوایە دەبێ مشوورخۆرانی زمان و فەرهەنگ، ئەم دوایین هەلانە بقۆزنەوە و بە وردی و دلّسۆزیەوە فریای ئەم لایەنە بکەون و بەشێکی گرینگ لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی لە فەوتان ڕزگار بکەن.

یەک لەو سەنعەتانە، هونەری جۆلاییە کە پڕە لە جوانی. دیارە ئەم پیشەیە، لە پێش و لە دوای خۆی چەندین هەولّ و هونەری پێوەندیداری تریشی لەگەلّە، کە لە نووسراوەیەکی تێر و تەسەلدا دەبێ پشتگوێ نەخرێن و بە وردی باسیان بکرێ؛ وەک: بڕینەوەی مەڕ و بزن، شوشتن، بە شانە کردن، ڕستن، ڕەنگکردن، دروومان، فرۆشتن، بە جیاز بردن و... هەرکام لەوانەش کار و کەرەستە و زاراوەی خۆیان هەیە کە چیوا لە جۆلاییەکە کەمتر نین. لەم وتارەدا تەنیا ئەوەی پێوەندی بە جۆلاییەوە هەیە بە وردی باسی لێکراوە، بەلام بۆ ئەوەی چوارچێوەی وتارەکە بپارێزرێ، لایەنە پێوەندیدارە لاوەکییەکان، جگە لە تەشیڕستن، قورسایییان نەخراوەتە سەر. بۆ ئەم باسە پێنج بابەت دیاری کراوە: A.فەرهەنگۆکی دەزگای جۆلایی B.وشە و کەرەستە و زاراوەکانی جۆلایی C. وشە و کەرەستە و زاراوەکانی پێوەندیدار بە جۆلایی D.کرەکانی جۆلایی E.نەخشی کرەکانی جۆلایی. بە شێوەی فەرهەنگنووسی، زاراوە و ئاماژە فۆلکلۆری و ئەدەبییەکان و وێنەکانم لە بەرامبەر وشەکان دانا و بەشێکی جیاوازم بۆ تەرخان نەکردن، چونکە

له ڕیزی وشەکاندا کارسازترن و ڕێگەی ناساندنی وشە کورتتر دەکەنەوە. لە وشەکاندا، شێوەزاری مەهاباد و لەهجەکانی تری زمانی کوردیم بە جیا دەستنیشان کرد، تا چوارچێوەی جوغرافیایی لێکۆڵینەوەکە دیار بێ. نەک سەر لەبەری وشەکان، بەڵام لە هەر کوێدا پێویستییەک هەبووبێ، هاوتای فارسی، عەرەبی یا هەندێ لەهجە و زمانی ترم لە پێش وشە کوردییەکان داناوە؛ ئەو پێویستییەش زۆرتر بۆ نیشاندانی نزیکیی ئەو زمانەیە لە کوردی. بۆ وێنە، «تەشی»بە زمانی کوردی و گیلەکی هەر «تەشی»یە، و بە فارسی «دووک» و «کەرتلا»یە، بۆیە ئەم دوو وشەیەشم ئاماژە پێکردووە چونکە جگە لەوەی «دووک» لەگەڵ کوردیەکە هاوبەشە، وشەکەی تریش جێی سرنجدانە؛ «کەرخول» لە کوردیدا ناوی چەشنە مەزرەقێکە و لەگەڵ «کەرتلا»ش دارشتنیان لێک نزیکە، هەر دوو ئامرازیش هەر دەسوورێن؛ سەرەڕای ئەوە، کەرتی دووهەمی وشەکەش کە «تلا»یە، نزیکە لە «تلانەوە»ی کوردی. وێنە لەم لێکۆڵینەوەیە و لێکۆڵینەوەکانی هاوچەشندا دەورێکی گرینگ دەبینێ، چونکە وێنەیەکی دروست و بەجێ، دەتوانێ جێگەی دەیان ڕستە بگرێتەوە؛ بەتایبەت لە کارێکی ئەوتۆدا کە ڕاڤەکان بە تەنیا گرێکەرەوە نین، بەڵکوو بە یارمەتیی وێنەکانە کە دەتوانن تەواوکەر و تەمرەوێن بن. مامۆستا بورهان ئەیازی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «آئینۀ سنندج»، لە باسی جۆلاییدا بابەتەکە بە کورتی دەبڕێتەوە و دەڵێ: «من لام وا نییە هیچ نووسەرێک بتوانێ ڕاڤەی دەزگای جۆلایی بکا».[1] ئەم وتەیەی بەڕێزیان ئاماژەیە بە وردەکاری و دژواری و گرینگیی کارەکە، کە هیوادارم بە پێی توانا تێیدا سەرکەوتوو بووبم. هەوڵی زۆرم دا بۆ دیتنی نووسراوەیەک لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام جگە لە ئاماژەیەکی کەم و پوختی دوو لاپەڕەیی لە مامۆستا قادری فەتتاحی قازی، لە بەشی لێدوان

---

[1]. آئینۀ سنندج، برهان ایازی، ناشر: مؤلف، چاپ اول سنندج، ۱۳۷۱، ص۶۸۵.

و شیکردنەوەی کتێبی «منظومۀ کردی سعید و میرسیف‌الدین بیگ»[٢]دا، نووسینێکی سەربەخۆ و تایبەت بەم باسەم بۆ نەدۆزرایەوە. بەڵام لە درێژەی کارەکەمدا، بە یارمەتیی دۆستان، ئاگاداری وتارێکی **٣٠**لاپەڕەیی و وردی مامۆستا قازی کرام کە لە وەرزنامەی زانکۆی ئەدەبیاتی زانستگای تەورێز، بە زمانی فارسی، بە ناوی «سەنعەتی جۆلایی و وشە و زاراوەکانی لە مەهابادا»[٣]، ساڵی **١٣٦٢**ی هەتاوی**[١٩٨٤]** بڵاو کرابۆوە. مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەک هەمیشە دەسپێشخەری کردووە و پتر لە چارەگە سەدەیەک لەمەوبەر بە گرینگیی ئەو کارەی زانیوە و هەوڵی بۆ داوە. لێکۆڵینەوەکەی بەڕێزیان کەڵکی زۆری بە کارەکەی من گەیاند و گەلێک بابەتی یا بۆ تەواو کردم، یا بۆ ڕاست کردمەوە؛ کە هەموو ئەو شوێنانەم لە پەراوێزدا دەستنیشان کردووە. سنووری جوغرافیاییی ئەم کارەی حازری، نێو شاری مەهاباد و ئاواییەکانی دەوروبەریەتی. کەوایە ناکرێ بە «موکریانی» ناودێر بکرێ، چونکە ئەو دەم پێویست بوو لەگەڵ شێوەزارەکانی سائینقەڵا و بۆکان و میاندواو و نەغەدە و شنۆ و خانێ(پیرانشار) و سەردەشتیش بەراورد بکرایە و وردە جیاوازییەکانی بنلەهجەیی ئاماژەیان پێکرابا. کەوایە ئەم فەرهەنگۆکە (شێوەزاری مەهابادی ـ کوردی)یە و سەرجەم وشە سەرەکییەکان سەر بەم شێوەزارەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو نوکتە گرینگە بکەم کە هەر فەرهەنگێک بە پێی وشە و زاراوەی لەهجە یا شێوەزارێکی تایبەت ڕێکوپێک کرابێ، بێگومان دەبێ لە بەشی دواییدا لیستەیەکی سەرلەبەری وشەکانی ناو فەرهەنگەکە بە ژمارەی لاپەڕەوە بدا بە خوێنەر. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە کە کەسانی سەر بە لەهجە جۆراوجۆرەکانی ئەو زمانە

---

[٢]. منظومۀ کردی سعید و میر سیف‌الدین بیگ، ضبط و ترجمه و توضیح: قادر فتاحی قاضی، دانشکدۀ ادبیات و علوم انسانی تبریز، انتشارات مؤسسۀ تاریخ و فرهنگ ایران، شماره ۲۴، انتشارات دانشگاه، ۲۱۷، تبریز، آبان‌ماه ۲۵۳۵. صص ۵۵۷-۵۵۹. [لەمەودوا: سعید و میر سیف‌الدین بیگ]

[٣]. : صنعت جولایی و لغات و اصطلاحات آن در مهاباد، نشریۀ دانشکدۀ ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه تبریز، زمستان ۱۳۶۲، سال۳۱، شمارۀ مسلسل ۱۳۰.[لەمەودوا: صنعت جولایی]

بتوانن بە هاسانی کەڵک لە فەرهەنگەکە وەربگرن، ئەگینا کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگەکە هەر لە چوارچێوەی تەنگەبەری لەهجە سەرەکییەکەدا دەمێنێتەوە و مەرجی بەهرەمەند بوونی کەسانی سەر بە لەهجەکانی تر دەبێتە ئەوەی کە لەهجە سەرەکییەکەش بزانن! بۆ نموونە ئەگەر کەسانێکی سەر بە لەهجەکانی ئەردەڵانی، هەورامی، کرمانجی و... لە وشەی «پەمۆ؛ پەموو؛ پەمبۆ؛ پەنبۆ؛ پەمبە؛ پەمپە؛ پەمە؛ پەمپوو؛ پەنبی؛ پەمبی؛ پەمگ؛ پرتی؛ وڕ؛ حەبی» بگەڕێن لە ڕیزی ئەلفوبێی ئەم فەرهەنگەدا تووشی هیچکام لەم وشانە نایەن. بەڵام هەر کام دەتوانن لە لیستەی دوایی‌ی فەرهەنگەکەدا وشەی شێوەزاری خۆیان ببیننەوە و یەکڕاست بێنە سەر وشەی «لۆکە». نموونەی بەرچاوی ئەم کارە لە دوو فەرهەنگە «لەکی» و «لوڕی»یەکەی مامۆستا حەمید ئیزەدپەنادا زۆر ئاشکرایە؛ فەرهەنگە لەکییەکە لیستەیەکی لەم چەشنەی بۆ ڕێکخراوە، کەچی لە فەرهەنگە لوڕییەکەدا ئەم لیستەیە نییە. ئاکامی ئەم کارە بووەتە هۆی ئەوە کە خوێنەر لە فەرهەنگە لەکییەکەدا ئەگەر لە وشەی «جاڵجاڵووکە» بگەڕێ، بە یارمەتیی لیستەی پاشکۆی کتێبەکە، بە هاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا دەچێتە سەر دوو وشەی «جۆمێتەنکە» و «کارتێنەک»؛ بەڵام بۆ دۆزینەوەی هەمان وشە لە فەرهەنگە لۆڕییەکەدا یا دەبێ سەرلەبەری فەرهەنگەکە بخوێنێتەوە، یا مەرجی دۆزینەوەی ئەوەیە کە لوڕی بزانێ تا بچێتە سەر «چەرچەر» و «جیلاباف». کەوایە لەم فەرهەنگۆکەی جۆلاییدا، کە بریتییە لە وشە و زاراوەکانی سەر بە شاری مەهاباد و ئاواییەکانی دەوروبەری، کە ئەویش شێوەئاخەفتنێکە لە لەهجەی موکریانی، لیستەی باسکراو دوایین بەشی فەرهەنگەکە پێک دێنێ و سنووری کەڵکلێوەرگرتنی بەرینتر دەکاتەوە.

ئەگەر بێتوو کارێکی لەم چەشنەش بۆ سەنعەتە هونەرییەکانی مسگەری، شیشگەری، زێڕینگەری، ڕەنگرێزی و خمگەری، گڵێنە و هەوڕگەری، تەونگەری، دەبباغی، بگێڕی، کاڵەهەڵبەستی، لێفەدروویی، زیندروویی، کەوشدروویی، کورتاندروویی، کڵاو دروویی، کڵاوچنی، تەنەکەسازی،

قفلّسازی، ددانسازی، سەعاتسازی، قەنداخچێتی، چەخماخچێتی، خەییاتی، نەججارِی، خەرِراتی، سەرِراجی، ئاسینگەری، بەردتاشی، مۆرهەڵکەنی، وێنەکێشی، سەوەتەچنی، تەندوورسازی، سابوونکەری، کەلاشکەری، گوڵدۆزی،... بە هەموو وشە و زاراوە و پێچوخەمی کارەکە بە ئەنجام بگەیەنین، زنجیرە فەرهەنگۆکێکی بچووکی وەک ئەم کارەی حازریمان دەبێ، کە سەرجەم دەبنە قاموسێکی دەوڵەمەند و نرخی فەرهەنگییان زۆر بەرز دەبێ و کەڵکی گەورە بە زمان و فەرهەنگ دەگەیەنن. جگە لەمانە کۆمەڵێک کار و پیشەی تریش هەن کە بە دەیان و سەدان وشە و زاراوە و کەرەستەی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەستەیەکیان ئێستا نەماون، دەستەیەکی تریان یا وردەوردە ڕوو لە کزی و فەوتانن، یا زەمان گۆرِانێکی زۆری بەسەردا هێناون و ڕووخساریان وەها گۆرِاوە کە ناناسرێنەوە، وەک: چەرچێتی، قاوەچێتی، کەبابچێتی، داشقەچێتی، قەتارچێتی، پینەچێتی، کاروانچێتی، جارِچێتی، بێستانچێتی، قاچاخچێتی(نەک بە مانای ئێستای)، ڕاوچێتی، توونچێتی(حەمام)، کەنکەنەچێتی، توێکمەچێتی، وەتراقچێتی، کارگەچێتی، ناڵبەندی، دارفرۆشی، توونتنفرۆشی، چاڵە بەفر و بەفرفرۆشی، ئاش و ئاشەوانی، باغ و باغەوانی، وەرزێرِی، ئاژەڵداری، خشتبرِین، عەللافی، عەتتاری، قەسسابی، خەرِرازی، بەننایی، هەللاجی، نانەوایی، دەللاکی، دەڵلاڵی، شووشەبرِی، دایەنی، چێوداری، چاروێداری، شایەری، حەکایەتخوانی، مامانی، بەربووکی، شوانی و گاوانی، خەسساسی، حەسساسی، کەرداری، بەیتاڵی، کاروانسەراداری، مردووشۆری، قەبرهەڵکەنی، مجێوری، زێوەوانی، ئاوگیری، بنێشتکەری، و...

بەرفراوانی و گرینگیی ئەم کارە کاتێک خۆ دەنوێنێ کە دەبینین وشە و زاراوەی سەر بە هەرکام لەم پێشە و هونەرانە، کە لێرەدا پتر لە هەشتا کاری جۆراوجۆر ناو برا، لە ناوچەیەکەوە تا ناوچەیەک جیاوازی هەیە. بۆ نموونە، ئەم کارەی جۆلایی هەر بەم شێوەیە ئەگەر لە ناو شکاک و

هەورامی و کەلهوڕ دووی بگیرێ و لەگەڵ ئەم زاراوانەی مەهاباد لەبەر یەک ڕابندرێ، تابلۆیەکی ڕەنگامە پێک دێنێ و سنووریکی بەرین دەخولقێنێ.

فەرهەنگە فارسییەکان لە بەرامبەر وشەی «جۆڵا»دا نووسیویانە «بافندە، نساج. عنکبوت» واتە «کەسێ کە کاری هۆنینەوە دەکا، چنیار. جاڵجاڵووکە». مامۆستا جەماڵ نەبەز لە فەرهەنگە ئێتیمۆلۆژییەکەیدا دەڵێ: «جۆلا» لە «جوولان، بزووتن»ەوە دێ[٤]. لە دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا «جولحا، جولی، جۆڵە، جوولگ، جیلا، کۆڕسکەر، خانووت» بە مانای «جۆلایە»؛ لە لایەکی تریشەوە وشەگەلی «جۆلاتەنە، داوەتەنە، جاوەتەنە، جاوەڵووکە، جۆلاکەرە، جیلاباف، جۆمێتەنکە» کە بە مانای «جاڵجاڵووکە»ن، پێوەندییەکی نزیکیان بە وشەی جۆلاوە هەیە و تەنانەت لە فەرهەنگەکانیشدا بە هۆی وێکچوون و نزیکی، هەندێ جار زۆر بە زەحمەت سنووریان دیاری دەکرێ. ویل دۆرانت لە کتێبی «مێژووی شارستانیەت»دا دەڵێ: «بە دوور نییە جۆلایی یەکەمین هونەر بووبێ مرۆڤ دەستی وێراگەیشتبێ، کە ئەوەشی ڕاستەوخۆ لە جاڵجاڵووکە و هەندێ باڵندە وەرگرتووە. مرۆڤ لە مێژووی کەونارای خۆیدا لێهاتوویی‌یەکی وەهای لە تەنین و چنین و ڕەنگکردندا نواندووە کە تەنانەت پێشکەوتنە بەرچاوەکانی سەردەمی ئێمە لەم بوارەدا، هێشتا نایگاتێ».[٥] هەرچەند تاک و تەرا دیتراوە کە ئافرەتیش جۆلایی بکا، بەڵام لە کوردەواریدا جۆلایی تایبەتە بە نێرینە و بە کارێکی پیاوانە دەژمێردرێ. زۆرن ئەو کارانەی کە گۆرانی و هەوایەکی تایبەتیان هەیە، وەک لمەد کردن، کوورە دەماندن، بەڵام لە جۆلاییدا هەوایەک کە تایبەت بەو کارە ناسرابێ، نییە.

---

[٤]. وشەنامە(فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی)، جەمال نەبەز، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل١٠٠

[٥]. تاریخ تمدن(٢٨جلدی)، جلد١، بخش اول، کتاب اول: مشرق زمین گاهوارەی تمدن، ویل دورانت، ترجمەی احمد آرام، انتشارات اقبال با همکاری مؤسسەی انتشارات فرانکلین، تهران، چاپ دوم ، مهر ماه ١٣٤٣، ص٢٢

ئەم لێکۆڵینەوەیەم ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی [١٩٧٧] لە لای جۆلایەکی گوندی «قازانەسەر»ی نێوان مەهاباد و بۆکان ئەنجام دا، کە ئەودەم لە ئاوایی جوان و پڕ بیرەوەریی «شێخاڵی» مامۆستای خوێندنگەی سەرەتایی بووم. ناوی ئەو مامۆستا جۆلایەم لە بیر نەماوە، ئەگەر لە ژیاندایە ئارەزووی سلامەتی و شادی بۆ دەخوازم. لەو ماوەیەدا بەبێ ویست و دڵخوازی خۆم کارەکەم لە گۆڤارێکی دەرەوەدا بە کاڵ و نەکوڵیوی و بە وێنەی قەڵەمەکێش بلاو کردەوە. ماوەیەک لەمەوبەر بە پێشنیاری دۆستی دڵسۆزم کاک کەماڵی عەبدوڵلاهی، سەرلەنوێ پێیداهاتمەوە و بژارم کرد و لەسەرم زیاد کرد و وێنە دەستی و قەڵەمکێشەکانم کردە وێنەی فۆتۆگراف. هاوڕێی وردبین و بەڕێزم کاک سەلاحەددینی ئاشتی بە سرنجەوە پێیداهاتەوە و کۆمەڵێک تێبینی دامێ کە زۆربەیان لە جێی خۆیدا بوو و بە سپاسەوە وەبەرچاوم گرتن.

لە دواییدا پڕ بە دڵ سپاسی بەڕێزان و مامۆستایانی جۆلا، «وەستا مەحموودی مەعڕووفی و خاتوو ئامینی حاجی ئیسماعیلپووری هاوسەری»، «وەستا حەمەدەمینی ئابرووت و خاتوو کوبڕای عەبدوڵلاهی هاوسەری»، «وەستا برایمی عەبدوڵلاهی» و «وەستا ڕەحمانی جەهینی» دەکەم کە چەندین جار بە ڕووی خۆشەوە وەریانگرتم و بە سەبر و حەوسەلەوە لەگەڵم دوان و وەلامی پرسیارەکانیان دامەوە و لە ماڵ و لە کارگەی خۆیان میواندارییان کردم. هیوای تەمەندرێژییان بۆ دەخوازم. نرخی کارەکە هی ئەوانە و کەموکووڕییەکانی هی منە.

**عەبدوڵلا سەمەدی**

مەهاباد، بەفرانباری ١٣٨٨

## کورتەنیشانەکان:

بڕ: بڕوانە
تێب. تێبینی
چا: چاو لەم وشەیەش بکە، لەبەر پێوەندیی مانایی
فا. فارسی
ع. عەرەبی
/ هاوتا لە شێوەزاری مەهابادیدا
≠ هاوتا لە لەهجە و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا
= بێژەی وشە عەرەبی و فارسییەکان بە ڕێنووسی کوردی
← ڕاڤەی ئەم وشەیە لەو شوێنەدا ببینە
□ دەکارهێنانی وشە لە ڕستە یا شێعردا
◄ ئامارژەی فۆلکلۆری



## (A) فەرهەنگۆکی دەزگای جۆڵایی










**بەرچەنە barčana**: دارێکی تەنکی پانە، کە ئەمسەر ئەوسەری بزماری پێوەیە و لە نێوقەددا ئانیشکەی بۆ ساز کراوە و دەنوشتێتەوە. **[بڕ:وێنەی٢]** درێژیی بەرچەنە تەواو بە قەد پانیی تەنراوەکەیە. کاری بەرچەنە ئەوەیە کە تەنراوەکە شەق ڕابگرێ. هەتا جۆڵا جاوپێچکە بسووڕێنێ و تەنراوەکە هەڵبکا، دەبێ بەرچەنە بگوێزێتەوە و بیباتە پێشتر. **[بڕ:وێنەی١]** /«بەرژەنە؛ بەرێنچک؛ بەرلێنچک؛ بەرگیرە[٦]». ≠«بەرژەنەک».

**بەرژەنە barjana**: ←بەرچەنە

**بەرگیرە bargîra**: ←بەرچەنە

**بەرلێنچک barlenčək**: ←بەرچەنە

**بەرێنچک barenčək**: ←بەرچەنە

**بەند پێتاتە band petāta**: بەندێک یا قایشێکی پانە کە سەرێکی بە دارپێتاتەی ژێری گوردەوە قایم کراوە و سەرەکەی تری لە پێتاتە، کە تەختەیەکی پانی بەرپێی جۆڵایە بزمار کراوە. ژمارەی ئەو بەندانە چوارە، کە بەرابەرە لەگەڵ ژمارەی پێتاتەکان. **[بڕ:وێنەی٣]**

[٦]. وشەی «بەرگیرە»م لە وتاری مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرت؛ بڕ: صنعت جولایی، ل٦٣



**بەنگورد bangurd**: بەنێکە کە سێلۆ دەکرێ و گشت با دەدرێ و لە ئاودا دەکوڵێندرێ و لە پێچەک دەدرێ تا قایم و خۆڕاگر بێ؛ ئەمجار بە شێوەیەکی تایبەت، لە مابەینی دوو دارگورد بە مەودای پازدە تا کەمتر لە بیست سانت، بە هۆی ئامرازێک بە ناوی «ساچین»، گرێ دەدرێ و ڕایەڵەکانی «کر»ی بە ناودا تێدەپەڕێ. هەر دەنکێکی بەنگورد لە دوو کوت پێکهاتووە، کە یەکیان لە دارگوردی سەروو و ئەویتر لە دارگوردی ژێروو گرێ دراوە و لە نێوەڕاستیشدا وەک حەڵقەی زنجیر لە باڵ یەک خراون. **[بڕ:وێنەی٤]**



**پاژگورد pājgurd**:**[پاش+گورد]**[٧]؛ دارێکی ڕێک و لووسی باریکە، لە پشت هەر چوار گوردەوە دەخرێتە بەینی ڕایەڵەکانەوە. (تێبـ.): پاژگورد زیاتر لە تەنینی بووزوودا کەڵکی لێوەردەگیرێ، چونکە بەنی بووزوو یەک لۆ و باریکە و لەسەر دەزگای جۆلایی واهەیە بپسێ، ئەگەر پاژگوردی لەسەر بێ، هەودا پساوەکە زووتر دەبینرێتەوە و چارەی هاسانە. **[بڕ:وێنەی٥]**

**پردەڵە pərdaĺa**: دارێکە لە نێوان «مۆڵەقە» و «دەفە»دا، لەسەر دوو سینگ داکوتراوە و ڕایەڵەکان دەکەونە سەری. **[بڕ:وێنەی٦]**

---

٧. لە «شێوەزاری مەهابادی»دا، ئەگەر پیتی «بێدەنگ» بە دوای پیتی «ش»دا بێ، دەنگی «ش» دەگۆڕدرێ بە «ژ»؛ و ئەگەر پیتی «دەنگدار»یشی بە دوادا بێ، ئەوە هەر «ش»یە. وەک ئەم نموونانەی خواروو:

١. سەری تۆ خۆژ بێ / دەژزانم دەڵێی چی / ئەمنیژ دێم / لە پێژ مندا حازرە. لەم چوار نموونەیەدا بە دوای پیتی «ش»دا، ئەم دەنگانە هاتوون «ب، ز، د، م» کە کۆنسۆنانتن.

٢. نەیدەزانی لە خۆشیان چ پکا / نەقڵی پێشووی بۆ گێڕاوە / نەخشەی بۆ کێشا / سەرم دێشێ. لەم چوار نموونەیەشدا بە دوای پیتی «ش»دا، ئەم دەنگانە هاتوون «ی، وو، ـە، ێ» کە دەنگدارن.

دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ، کاتێک دەڵێین: «ڕەنگی ڕەشم پێ جوانە»، دوای پیتی «ش»، پیتی دەنگداری بزرۆکە هەیە[reşim]. بەڵام ئەم یاسا ڕێزمانییە لە هەندێ شوێندا، وەک خۆی نامێنێ و دەترازێ. لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکەی زیاتری ئەم باسە دەدەمە دەست لێزان و پسپۆڕی ڕێزمان.













**پەڕ paŕ**: شاپەڕی باڵندەیە و دەخرێتە ناو کونی لاتەنیشتی مەکووکەوە تا سەری شیشی لوولە ڕابگرێ. (تێبـ.): لوولە بە هۆی شیشەوە لە ناو دڵی مەکووکدا دادەمەزرێ، دامەزراندنی لوولە لە ناو مەکووکدا بەم چەشنەیە: ١-سەرێکی شیش دەخرێتە ناو کونی دیواری ژووری مەکووک ٢-سەری تری شیش دەخرێتە ناو قەڵشی مەکووک ٣-پەڕی باڵندە دەخرێتە ناو کونی تەنیشت مەکووک و زارکی قەڵشەکە دەبەستێ تا شیشەکە نەیەتەوە دەر. [بڕ:وێنەی٧و٨]

**پێتاتە petāta**: لە هەر کەڕەتەی تێوەدانی مەکووکدا، پێویستە دوو گورد بێنە خوار و دوو گوردیش بچنە سەر، تا ڕایەڵەکان بکەنە دوو بەش و مەکووک بە نێوانیاندا هاتوچوو بکا و «پۆ»ی کرەکە بڕواتە پێش. هەر دەزگایەکی جۆلایی چوار پێتاتەی هەیە کە جۆلا لە مەودای هەر تێوەدانێکی مەکووکدا، پێ بە دوو پێتاتەدا دەدا. [بڕ:وێنەی٩] ≠«پێتەتە». لە زمانی زەردەشتییەکانی (کرمان)دا «کدراک=کەدراک kadrāk»ی پێ دەگوترێ.[٨]

**پێشگیرە pešgîra**: ←مۆلەقە

---

[٨]. بڕ: فرهنگ بهدینان، گردآوری جمشید سروش سروشیان، مؤسسهٔ انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، تهران ٢٥٣۶، ص١٢٢.[لەمەودوا: فرهنگ بهدینان]




**تلێش təĺîš**: قەڵشێکی باریکە لەسەر مەکووک، کە سەری «شیش»ی دەخرێتە ناو و زارکەکەی بە پەڕی باڵندە دەگیرێ تا لە کارکردندا نەیەتەوە دەر. [بڕ:وێنەA–١٠ ] چا.«شیش←شێعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی».




**تەپانە tapāna**: دارێکە زیاتر لە شێوەی «وەردێنە» ساز دەکرێ و لە بەری میچ قایم دەکرێ و تەواو دەکەوێتە ئاستی سەری جۆڵا. ئەو گوریسەی کە لە نەردەوە هاتووە و لە جەمسەری ڕایەڵەکان گرێ دراوە، بە پشتی تەپانەدا شۆڕدەبێتەوە تەنیشت جۆڵا و لە کاریتەی کارخانە توند دەکرێ. هەر جارە کە تەنینی کرەکە زیاد دەکا و دەڕواتە پێش، دەبێ ئەو گوریسە شل بکرێتەوە و ڕایەڵەکە لە دوو بدا. /«تەپان[9]». ≠«دار چەڵەمە». [بڕ:وێنەی١١]







**جاوپێچکە jāwpečka**: کۆلکەدارێکی ڕێک و لووس یا چوار پاڵوویە، هەر دوو سەری باریک کراوەتەوە و کەوتۆتە سەر جووتێ دوولک کە هەر کام لە سەر کاریتەیەکی کارخانە دابەستراون. لایەکی چاوپێچکە هەندی ئەوەندەی دارێکی بە ئەستووریی قامک تێدا درێژ بکرێ، کۆڵدراوە. [بڕ:وێنەی١٢] جەمسەری کرەکە دەکەوێتە ناو ئەو قووڵاییە [بڕ:وێنەی١٣] و دارەکەی دەکەوێتە سەر و دەکوترێتەوە تا کرەکە توند ڕابگرێ. [بڕ:وێنەی١٤] جۆڵا

[9]. وشەی «تەپان»م لە وتاری مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرت؛ بڕ: صنعت جولایی، ل٦٦

هەر جارە کەمێکی دەسوورێنێ و تەنراوەکەی لێدەئاڵێنێ. [بڕ:وێنەی١٥] /«جاوپێچەک». ≠«جاوپێچک؛ هەڵپێچ».


14

**جاوپێچەک jāwpečak** ←جاوپێچکە

**چڵجاخ čəlcāx**: ڕیزە سینگێکە لە زەوی دادەکوترێ بۆ ڕایەڵکردنی جاو.[10]


15

**چۆلەکە čolaka**: دارێکە بە سەر گوردەوە هەڵاوەسراوە، سەری دارەکە دوولکە و هەر لالکێک خولخولەیەکی بە ناوی «وڵاڵە» پێوەیە، بەنێک بەملا و ئەولای خولخولەکاندا شۆڕبووەتەوە و دە گوردەکان خراوە و بە پێوە ڕایگرتوون. هەر دەزگایەکی جۆلایی دوو چۆلەکەی هەیە تا ئەمسەر و ئەوسەری گوردەکان ڕابگرن. [بڕ:وێنەی١٦]


16

**چەپەر čapar**: ←کارخانەی نانەوە

**خەڕەک xaŕak**: دەزگایەکی دارینە، پێکهاتووە لە بازنەیەکی گەورەی پەڕەدار کە تەسمەیەکی لە گشتەک یا سیرمە تێکراوە و لکاوە بە «دووخی خەڕەک»ەوە. خەڕەک لە کاری جۆلاییدا تەنیا بۆ هەڵکردنی بەنە لەسەر لوولە، بەڵام لە شوێنی خۆی دەکرێ لۆکە و خوریشی پێ بڕێسرێ. [بڕ:وێنەی١٧] ≠«دیک و چەرخ[لە لەهجەی


17

[10]. «جاخ» بە مانای «پەرژین»، «شیش کەباب» و «سینگی دار»ە کە لە زەوی دادەکوترێ. «چل» کینایەیە لە زۆری و چەندێتی؛ وەک «چلتیکە»، «چلچەنگ»،...




«لـۆری»دا][11] »◄لــە مەتەڵۆکـەی کـوردی‌دا دەڵێ: «چەرم و ئاسن و کدوولە، وێدەخەین ڕەشـــــی دوو لا، ســــــەرگەورە کــــــردێ قوولە![خەڕەک]»[12]

**دار پێتاتە dār petāta**: دارێکە بە ڕاکشاوی بە بنی گوردەوە هەڵاوەسراوە و سەری بەندی پێتاتەی لێ‌قایم کراوە. ئەو دارە لە هەر دوو سەر بە گوردەوە گرێ دراوە و کارەکەی ئەوەیە کە کاتێک جۆڵا لاق بە پێتاتەدا دەدا، گورد ساف و یەکدەست داکشێتە خوار و جۆلانە نەکا. هەر گوردەی دارپێتاتەی خۆی هەیە، کە سەرجەم چوارن. [بڕ:وێنەیA -١٨ وA - ١٩]




**دارگورد dārgurd**: دارێکی ڕێک و لووس و سەختە، بەنی گوردی لێ‌گرێ دەدرێ. هەر گوردێک دوو دارگوردی هەیە کە پازدە تا کەمتر لە بیست سانت مەودایان هەیە و ئەو مەودایە بەنی تێخراوە و سەری بەنەکان لە هەر دوو دارگورد گرێ دراوە. درێژیی دارگورد دەبێ لە پانیی کرەکە زیاتر بێ. [بڕ:وێنەی٢٠]




---

[11]. بڕ: داستان‌ها و زبانزدهای لری و کتابشناسی مثل‌های فارسی، حمید ایزدپناه، انتشارات گویش، تهران، ل٦٠. [لەمەودوا: داستان‌ها و زبانزدهای لری]

[12]. هەتەڵەی کوردی، بڕڕەک ئەیوبیان «ئوستاد عوبەیدیللا ئەیووبیان»، بڵاوکراوەی گۆڤاری سوورانەی ئازادی، مەهاباد، ١٣٦١، ل١٢. [لەمەودوا: هەتەڵەی کوردی]









**داری بەرگرتنەوە dārî bargərtnawa**: دارێکە بە پانایی بەری «کر»، کەندرێکی هەتا دە دەور تێهاڵێنراوە و سەری کەندرەکە لە هەر دوو جەمسەرەوە لە دارەکە قایم کراوە. هەروەها گوریسێکیشی لە هەر دوو جەمسەر خراوە، گوریسەکە لە دارەکە درێژترە. **[بڕ:وێنەی٢١]** کاری ئەم دارە ئەوەیە: کاتێک تەنراو دێتە تەواو بوون و جەمسەری دوایی ڕایەڵ لە گورد نزیک دەبێتەوە، چونکە سەری ڕایەڵەکان لێک گرێ دراوە و بە هێچکەوە بەستراوە و وێکهاتووەتەوە، ئیدی بە هاسانی ناچێتە ناو گورد و هەندی پتر لە نیو گەزی ڕایەڵەکان لە پشت گورد دەمێننەوە و خۆ نادەن بە دەستەوە؛ **[بڕ:وێنەی٢٢]** لێرەدا داری بەرگرتنەوە دەکار دەکرێ و ئەم گرفتەی پێ چارەسەر دەکرێ؛ بەم جۆرە کە جەمسەری ڕایەڵەکان لە گوریس و هێچک ڕەها دەکرێن و ڕایەڵەکان دەکرێنە دە ماڵ و هەر ماڵە بە ناو حەڵقەیەکی کەندرى داری بەرگرتنەوەدا ڕەد دەکرێن و ڕایەڵەکان تا دوایی کارەکە بە پانی و لێک بڵاوی دەکەونە پشت گوردەکان. **[بڕ:وێنەی٢٣]** لەم حاڵەتەدا گوریسی داری بەرگرتنەوە لە گوریسی هێچک دەخرێ و توند دەکرێ. **[بڕ:وێنەی٢٤]**

**ددانەی شە dədānay ša**: دەنکی شەی جۆلایی، کە لە قامیشی سەخت ساز دەکرێ و پۆی پێ دەکوترێتەوە. /«کەلوو». **[بڕ:وێنەی٢٥و٢٦]**




دووخی خەڕەک **dûxî xaŕak**: دارێکی ڕێک و لووسی ۱۵ تا ۲۰ سانتیمیترییە کە نێوقەدەکەی هەندێ قووڵتر کراوە و تەسمەی خەڕەکی دێتەوە سەر. **[بڕ:وێنەی۲۷]** بە سووڕاندنی بازنە گەورەکە، دووخیش بەتوندی دەسووڕێ. سەرێکی دووخ شیشێکی درێژی پێوەیە و لوولە بە سەر ئەو شیشەیەوە دەکرێ و دەسووڕێ و بەنی لەسەر هەڵدەکرێ. **[بڕ:وێنەی۲۸]** دووخ: تەشی.




□مەسەل دنیا ژن و چەرخیش خەڕەک،
دەمدەم بە دووخی غەم
ڕەگی تاری وجوودت با دەدا، هێشتاکوو
هەر خاوی[۱۳]




دوولکی جاوپێچکە **dûlkî cāwpečka**: دوولکێکی دارە، لە هەر دوو تەنیشتی ڕاست و چەپی جۆڵا لەسەر کاریتەی کارخانە دامەزراوە و جەمسەرەکانی جاوپێچکەی دەکەوێتە ناو، تا لە کاتی خڕکردنەوەی تەنراودا، جاوپێچکە بە هاسانی بە دەوری خۆیدا بسووڕێ و تەنراوەکە لە خۆی بهاڵێنێ. **[بڕ:وێنەی۲۹]** /«دوولکی جاوپێچەک».




---

[۱۳]. نالی ۱۷۹۷ – ۱۸۵۵؛
بڕ: دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم پیا چوەتەوە، بڵاوکەرەوەی سەلاحەددینی ئەییوبی، تاران، ۱۳٦٤، ل٦٨٠. [لەمەودوا: دیوانی نالی]



29



30



31

**دوولکی جاوپێچەک dûlkî cāwpečak:**
←دوولکی جاوپێچکە

**دەسکی جاوپێچکە daskî cāwpečka:**
شیشێکی ۲۰-۳۰ سانتی‌یە کە جاوپێچکەی پێ دەسوورێ. [بڕ:وێنەی۳۰] بۆ ئەوەی جاوپێچکە شل نەبێتەوە، سەری شیشەکە دەچێتە مەودای نێوان دوو دارەوە کە لە سەر کاریتەی کارخانە بزمار کراون. /«دەسکی جاوپێچەک».

**دەسکی جاوپێچەک daskî cāwpečak**
←دەسکی جاوپێچکە

**دەفە dafa:** تەختەیەکی پانی دەسکدارە، لەسەر دەزگای جۆلایی هاتوچۆ دەکا و بە یارمەتیی ژێردەفە، «شانە»ی ڕادەگرێ. [بڕ:وێنەی۳۱] جۆلا بە هێنانە پێش و بردنە دواوەی دەفە، هەوداکانی «پۆ» دەکوتێتەوە و تەنراوەکە سفت دەکا. دەفە بە هۆی شانەوە هەر ئەو کارە دەکا کە «کەرکیت» لە کاری چنینی فەرشدا دەیکا. دەفە لەبەر سەختی، زۆرتر لە داری قەیسی ساز دەکرێ. چا:«شەپیتکە». ≠«شەقە». فا.«بَفتَری=بەفتەری». ◄«نەڕێسراوە و نەپێچراوە، شەقەی دێ»، واتە: کارێک هێشتا هەنگاوەکانی سەرەتای بۆ نەهاوێژراوە، خەریکە کارەکانی دوایی بۆ ئەنجام دەدرێ! هاومانایە لەگەڵ: ئەسپی نەکڕیوە، ئاخوڕی بۆ هەڵدەبەستێ.

**ژێ je:** ئەو تەنافەیە کە گوردەکان بەهۆی وڵاڵەوە بە چۆلەکە هەڵداوەسێ. درێژایی ژێ پێوەندی هەیە بە دووری و نیزیکیی چۆلەکە لە گورد، نێوقەدی ژێ دەکەوێتە سەر وڵاڵە و دوو سەرە شۆڕەکەی هەرکام لە گوردێک گرێ دەدرێن. کاری ژێ ئەوەیە کە گوردەکان بە پێوە




ڕاست ڕاگرێ، هەروەها بە یارمەتیی پێتاتە سەر و خواریان پێبکا تا مەودایەکی وا بخەنە بەینی ڕایەڵەکان کە جولاَ بتوانێ مەکووکی تێوەدا و «پۆ» بخاتە نێو «تان»ەکان. [بڕ:وێنەیA-٣٢]؛ فا.«زە=زێھ»




ژێردەفە **jerdafa**: تەختەیەکی پانی درێژە کە پاڵوویەکی کۆڵدراوە و بە هۆی دوو شریتەوە، لەمسەر و لەوسەر بە بن دەفەوە هەڵواسراوە. هەروەها دوو «شیلەپە»ش بە تەنیشت شریتەکانەوە، دەفە و ژێردەفەیان لە خەتێکدا ڕاگرتووە. سەر و خواری «شانە» دەکەوێتە قەڵشی نێوان دەفە و ژێردەفەوە. بە کرژ کردنەوەی شریتەکان، «شانە» لەسەر جێی خۆی قایم دەکرێ و بە شلکردنەوەشیان «شانە» لە هەر دوو قەڵش ڕەها دەبێ و لە جێی خۆی دێتە دەر. [بڕ:وێنەیA-٣٣]




ساچین **sāčîn**: دارێکە بە شکڵی L کە بە شێوەیەکی تایبەت، بەنگوردی پێ هەڵدەبەسترێ. [بڕ:وێنەی٣٤] /«ساکین؛ سانچین؛ سەکینە».

ساکین **sākîn**: ←ساچین

سانچین **sānčîn**: ←ساچین

سەکینە **sakîna**: ←ساچین

شاقۆڵ **šāqol**: بەشێکی لالەنگەرەیە، کە لەملاولەولای دەزگای جۆلاَیی بە قیتەوە دامەزراون و سەرێکیان دەچێتەوە سەر شانەی لالەنگەرە و سەرەکەی تریان بە ئانیشکە لکاوە بە قۆڵی لالەنگەرەوە کە لە ڕاست و چەپەوە دەفەیان ڕاگرتووە. [بڕ:وێنەیA-٣٥]

شانه šāna: ←شه

**شانەی لالەنگەرە šānay lālangara**: دوو تەختەی پانی ددانەدارن کە بەمبەر و بەوبەری لالەنگەرەوە، لەسەر کارخانە قایم کراون و لە هەر دوو لاوە سەری بزماری لالەنگەرە ڕادەگرن. **[بڕ:وێنەی٣٦]** هەندێ جار لە بری ئەو تەختە ددانەدارە، وەستا بە سەلیقەی خۆی چەند بزمارێک دادەکوتێ و سەری لالەنگەرە دەخاتە بەینی بزمارەکان. **[بڕ:وێنەی٣٧]** کاری شانەی لالەنگەرە ئەوەیە کە ئەگەر دەفە لە تەنراوەکە زۆر نزیک بۆوە و مەودای ئەوە نەبوو کە باش بکوترێتەوە، سەری لالەنگەرە دەخرێتە ددانەی دوورتری شانەکە و مەودای دەفە و تەنراو زیاد دەبێ؛ هەروەها کارێکی گرینگی تر کە بە هۆی شانەی لالەنگەرەوە ئەنجام دەدرێ، ئەوەیە کە ئەگەر دەفە خوارەوخوار کرەکەی کوتاوە و تەنیشتێکی تەنراوەکە سفت و تەنیشتێکی دیکەی شاش بوو، ئەوە بە گوێستنەوەی تەنیا لایەنێکی لالەنگەرە لەسەر ددانەی شانەکە، ئەو گرفتە چارەسەر دەبێ و پانایی کرەکە بە یەک ئەندازە دەکەوێتە بەر زەبری دەفە و دەکوترێتەوە.



35


36


37


38

**شه ša** : چوارچێوەیەکی دارە، تەنیشتەکانی لە سەختەدار و سەر و ژێرەکەی لە «توودرک» ساز دەکرێ، نێو چوارچێوەکە وەکی دەنکی شانە بە تیزماڵکە قامیشی لووس و سەخت پڕکراوەتەوە. داری توودرک پێستی سەخت و نێوەکەی نەرم و کلۆر و لە جسنی «تەپەدۆر»ە[14]، سەر و بنی قامیشەکان تیژ دادەدرێ و لە تەپەدۆرەکەدا گیر دەبێ. بە نێوان هەر ددانێکی شانەدا دوو هەودای «تان» تێدەپەڕێ. کاری شانە کوتانەوەی «پۆ»یە، تا کرەکە سفت بێ. **[**بڕ:وێنەی**٣٨**و**٣٩]** /«شانە؛ شێ». ≠«بەوش؛ دانە». چا.«ددانەی شە».


39

**شێ še** : ←شە

**شیرەپا šîrapā**: ←شیلەپە

**شیرەپە šîrapa**: ←شیلەپە


40

**شیش šîš**: تێلێکی باریکە دە کونی لوولە دەخرێ و ئەمسەر ئەوسەری دەچێتە ناو قەڵشی مەکووکەوە. لە کارکردن و هێنان و بردنی مەکووکدا، لوولە بە دەوری شیشدا دەسووڕێ. **[**بڕ:وێنەی**٤٠**و**٤١]**


41

□خورووی ناشکی بە شیشی من تلێشی ناوگەڵی........
بڵێم چی سەد هەزار لەعنەت لە خۆت و شیری ناپاکت.[15]

---

[14]. چوب پنبه

[15]. شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٥–١٩١٠؛




**شیلەپە šîlapa**: دوو داری قایم و باریکن کە لەمسەر و ئەوسەر، لە کونی دەفە و ژێر دەفەوە خراون و ئەم دوو پارچەیە بەیەکەوە ڕادەگرن. بە تەنیشت شیلەپەکانەوە دوو حەڵقە بەنی ئەستوور، کە بە کوتە دارێک ڕەپێچەک دراون و گشت کراون، ژێر دەفەیان بە دەفەوە توند ڕاگرتووە. کوتە دارەکان بۆ ئەوەی خاو نەبنەوە، جەمسەریان کەوتووەتە سەر شیلەپەکان. [بڕ:وێنەیA-٤٢] /«شیرەپا؛ شیرەپە؛ گوێدەفە[١٦]».




**قۆڵ qoĺ**: بەشێکە لە لالەنگەرە، کە بریتییە لە دوو تەختەی پان و درێژ، لە ڕاست و چەپەوە دەفە بە شاقۆڵەوە دەلکێنن. کاری قۆڵ ئەوەیە کە بە یارمەتیی بەشەکانی تری لالەنگەرە، دەبێتە هۆی ئەوەی دەفە بۆ ڕاست و چەپ نەترازێ و لە سەر یەک خەت هاتوچۆ بکا. [بڕ:وێنەیA-٤٣]




**کارخانە kārxāna**: دوو کاریتەن کە بە بەرزاییی ئەوەندەی مرۆڤ لەسەری دانیشێ و لاقی بگاتە زەوی، سەرێکیان لە دیوار و سەرەکەی تریان لە دیواری ڕووبەڕوو دایە؛ سەرجەم دەزگای جۆڵایی لەسەر ئەو دوو کاریتەیە دابەستراوە. /«لاجامە»[١٧]. [بڕ:وێنەیA-٤٤]

---

بڕ: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، علی‌الطالبانی، چاپی سەیدیان، مەهاباد، ؟، ل٧٣

[١٦]. وشەی «گوێدەفە»م لە وتاری مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرت؛ بڕ: **صنعت جولایی**، ل٧٩

[١٧]. وشەی «لاجامە»م لە وتاری مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرت؛ بڕ: **صنعت جولایی**، ل٨٠

**کارخانەی نانەوە kārxānay nānawa:**
ئەم کارخانەیە بریتییە لە چوارچێوەیەک کە لە هەر لاوە چەند سینگی دارینی لەسەر داکوتراوە و بۆ نانەوەی جاجم و بەرماڵ کەڵکی لێوەردەگیرێ. [بڕ:وێنەی٤٥]




هەندێ لە سینگەکان دانەبەستراون و دەکرێ لە جێی خۆیان بگوێزرێنەوە؛ [بڕ:وێنەی٤٦]ئەم گوێستنەوەیە پێوەندی هەیە بە درێژی و کورتی کرەکە. ئەم ئامرازە بە دیوارەوە دادەمەزرێ و لە سەر نەزمێکی ڕێک و تەبا، بەنی پێدا ڕەیاڵ دەکرێ [بڕ:وێنەی٤٧] و دوایە لێدەکرێتەوە و دەکرێتە «تروندە» بۆ گرێدان لەسەر دەزگای جۆلایی. /«چەپەر».







**کورسی kursî**: دوو داری چوار پالّوو یا دوو تەختەیە بە تەنیشت یەکەوە، ئەمسەر ئەوسەریان دەکەوێتە سەر کاریتەکانی کارخانە. شوێنەکەیان بن دیوارە و «دۆشەگەڵە»ی لەسەر ڕادەخرێ و جۆڵا لەسەری دادەنیشێ و پشتی وە دیوار دەدا. [بڕ:وێنەی٤٨]




**کەلوو kalû**: ١-یەک هەودا لە بەنگورد، کە هەر دوو سەری لە یەک دارگورد گرێ درابێ. هەر ددانەیەکی گورد لە دوو کەلوو پێک هاتووە کە لە نێوەڕاستی گوردەکەدا وەک حەڵقەی زنجیر تێکخراون. [بڕ:وێنەی٤٩] ٢-یەک ددانی شەی جۆلایی.



□«شەیەکەم دوو کەلووی شکاوە»، واتە: ئەو شانەیەی کە لە مابەینی دەفە و ژێر دەفە دایە و پۆی کری پێدەکوترێتەوە، دوو دانە لە قامیشە باریکەکانی شکاوە. ٣- لە چنینی «بەن»دا بۆ گۆروی و سەرکڵاوە و... بە هەر دەنکێکی چنراوەکە، کە وەکی حەڵقە لە باڵ یەک خراون، دەڵێن یەک کەلوو.



**گورد gurd**: دوو دارن، کە لە هەر دوو سەرەوە لە شانە تێدەپەڕن. مەودای دوو دارەکان پازدە تا کەمتر لە بیست سانتە و بە بەن هەڵبەستراوە و سەری بەنەکان بە دارەکانەوە گرێ دراوە. ژمارەی شریتەکان بەرابەرە لەگەڵ ژمارەی دەنکەکانی «شانە».

هەر دەزگایەکی جۆلایی چوار گوردی هەیە. ڕایەڵەکان بە جووت لە «پردەڵە»وە دێن، هەوەڵ بە ناو هەر چوار گورد و پاشانیش بە ناو شانەدا تێدەپەڕن تا دەگەنە بەردەم جۆلا. سەرجەم ڕایەڵەکان دەبنە چوار بەش و هەر گوردە ڕایەڵی خۆی هەیە. لە سەرجەمی دەزگای جۆلاییدا ڕایەڵ بە جووت دەڕوا، تەنیا لە گوردەکاندایە کە تاک دەبێتەوە. ئەندازەی درێژیی گورد جیاوازە و جۆلا بە پێی زۆری و کەمیی بەن، کە پێوەندی هەیە بە پانایی کرەکەوە، گوردی پێویست



وەسەر دەزگا دەخا. **[بڕ:وێنەی A-٥٠]** یانی درێژایی گورد پێوەندی هەیە بە پانایی ئەو تەختە کرەی کە دەتەنرێ، بۆ وێنە «بوورزوو» شە و گوردی تایبەت بە خۆی هەیە، کە نیوەی شە و گوردی بەرماڵە. **[بڕ:وێنەی٥١]**؛ لە زمانی زەردەشتییەکانی (کرمان)دا، «گُرت=گۆرت gort»ی پێدەگوترێ.[١٨] ◄«لە شە و گوردی کەس نەهاتن»، یانی: ئەو ڕایەڵە وەها ئەستوورە کە بە نێوان بەنەکانی گورد و

[١٨]. بڕ: فرهنگ بهدینان.

ددانەکانی شانەی کەسدا ڕەد نابێ. مەبەست لە تاقانە و هەڵکەوتە بوونە.

□«لە شە و گوردی کەس نایە»، واتە: وەچەنگ خستنی دژوارە، یا بە هاسانی خۆ بەدەستەوە نادا.

□ «ئەو دنیا پان و بەرینە هەر بە تاقی تەنێ ڕۆفیە خانمی تێدایە وەڵڵا ناسکە، شلوملە، ئەمما لە شە و گوردی کەس نایە.»[19]

(تێبـ.): لە کاری تەوندا «گورد» بەو دارە دەڵێن کە دەخرێتە ناو کەمەری بەڕە یا فەڕشەوە و بەینی ڕایەڵەکان لێک ئاواڵە دەکا و هەروەها پۆیەکانیشی پێ دەکوترێتەوە.




**گوریس gurîs**: هۆندراوەی حەوت لۆ لە «سێتا»یە، کە لە هێچک دەخرێ و لە تەنیشت جۆلا بە کاریتەی کارخانەوە گرێ دەدرێ و جەمسەری دواوەی ڕایەڵ ڕادەگرێ. [بڕ:وێنەی٥٢] ≠«گورێس؛ گورویس؛ وەریس؛ وەرێس؛ وەرێسە؛ وەریسک؛ وەرێسک؛ ڕەسەن[لە دیالێکتی «لەکی»دا][20]».
فا.«رسن=ڕەسەن». ع.«طناب=تەناب». چا.«خاوک».

**گوێدەفە guedafa**: ←شیلەپە

**لاجامە lācāma**: ←کارخانە




**لالەنگەرە lālangara**: دارێکی چوارپاڵووی ئەستوورە کە لەسەر کارخانە دامەزراوە و لە هەر دوو سەرەوە بزمارێکی گەورەی بۆ کراوەتە تەوەرە و سەری بزمارەکان کەوتووەتە سەر شانەیەک، بە چەشنێک کە ئەم دارە بە دەوری بزمارەکەدا لەسەر

---

[19]. بڕ: سعید و میر سیف‌الدین بیگ، ل١٠

[20]. بڕ: فرهنگ لکی، حمید ایزدپناه، مؤسسهٔ فرهنگی جهانگیری، چاپ اول، تهران، ١٣٦٧، ص٦٦[لەمەودوا: فرهنگ لکی]

شانەکە دەسوورێ. **[بڕ:وێنەیA-٥٣]** بە تەنیشت هەر دوو جەمسەری دارەکەوە دوو داری قایم بە ناوی «شاقۆڵ»، لە لای خواروو، کانەوزبانە کراون و لە لای سەرووش بە ئانیشکە، قۆڵ بە دەفەوە دەلکێنن. سەرجەم لالەنگەرە بریتییە لە پێنج پارچە؛ یەکی ڕاکشاو لەسەر کارخانە[بڕ:A]، دوو شاقۆڵ[بڕ:B]، دوو قۆڵ[بڕ:C]. کاری لالەنگەرە ئەوەیە کە دەفە چ لە لانی ڕاست و چەپ و چ لە لانی سەر و خوار، لە سەر یەک خەت هاتوچۆ بکا و لە میزانی خۆی لانەدا.

**لوولک lûlək:** ←لوولە

**لوولکە lûlka:** ←لوولە


54


55


56

**لوولە lûla:** دارێکی باریکی ١٠ تا ١٥ سانتی‌یە کە نێوەکەی کون کراوە و بەنی لەسەر هەڵدەکرێ. لوولە دەخرێتە ناو مەکووک و «پۆ»ی پێ تێهەڵکێش دەکرێ. **[بڕ:وێنەی٥٤و٥٥]** /«لوولکە؛ لوولک».

≠«لوولوو؛ لوولگ».

**مۆلەقە molaqa:** دارێکە لەسەر کارخانەی جۆلایی دابەستراوە، ئەو ڕایەڵانەی بە سەر پردەڵەدا دەبوورن، بە دەستە دەکەونە ژێر مۆلەقە و لەوێوە هەڵدەکشێن بۆ بەری میچ.

/«پێشگیرە[٢١]». **[بڕ:وێنەی٥٦]**

**مەکۆ mako:** ←مەکووک

[٢١]. وشەی «پێشگیرە»م لە وتاری مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرت؛ بڕ: **صنعت جولایی**، ل٦٦

**مەکووکmakuk:** ئامرازێکی لووسی بادامی شکڵە، نێوەکەی هەڵکەندراوە، لوولەی وەسەردەخرێ و «پۆ»ی پێ تێهەڵکێش دەکرێ. **[بڕ:وێنەی٥٧]** تەنیشتی مەکووک کونە و بەنی لوولەکەی پێدا دێتە دەر **[بڕ:وێنەی٥٨]**. لوولە بە باری درێژایی لە ناو مەکووکدا جێگیر دەبێ، **[بڕ:وێنەی٥٩]** سەرێکی شیش دەکەوێتە ناو کونێکەوە کە لە دڵی مەکووکدایە و سەرەکەی تر دەکەوێتە ناو قەڵشێک بە ناوی «تلێش»، کە زارکی قەڵشەکە بە پەڕی باڵندە مەهار دەکرێ. لە کری ساکاردا، وەک پۆپەشمین و بووزوو، بە یەک مەکووک کار دەکرێ، بەڵام لە کری نەخشداری وەک بەرماڵ، دوو مەکووک و لە جاجمدا، سێ تا چوار مەکووکیش دەکاردەکرێ. چەندێتیی مەکووکەکان پێوەندی بە ڕەنگەوە نییە، بەڵکوو پێوەندی هەیە بە نەخشی سەر کرەکە /«مەکۆ؛ مەکیک». ≠«ماکوو؛ مەکوو؛ مەکووکە؛ مەکۆک؛ مکۆک؛ شەپۆپە». فا.«مکوک=مەکووک؛ مەکوی=مەکووی». ع.«مکّوک=مەککووک».










چا. «تلێش؛ شیش».

◀لە پەندی پێشیناندا لە جوابی خراپەی کەسێک کە چاکەت لەگەڵ کردبێ، دەڵێن: «ئەمن ئەتۆم نەکرد بە جۆلا هەتا مەکووکم بدزی!»




□ڕایێڵ و تار و پۆیی کولووی بەفرە ئابشار

با بای دەدات و ماسییی پێدا دێ وەک مەکووک[٢٢]

**مەکیک makîk**: ←مەکووک

**نەردە narda**: دارێکە بەرامبەری جۆلا و کەوتووەتە ژووری مۆلەقە، لە بەری میچ قایم کراوە و کلکی ڕایەڵی ڕاگرتووە.[بڕ:وێنەی٦٠] ≠«دارپردەڵە». سەری ڕایەڵ لە بەردەم جۆلا دایە و وردەوردە دەتەنرێ، ئەگەر لە سەری ڕایەڵەوە هەنگاو بە هەنگاو وەدوای بەنەکە بکەوین، بەم جۆرەیە: ١-جاوپێچکە، کە تەنراوی لێهالاوە. ٢-شە. ٣-هەر چوار گورد. ٤-پردەڵە، کە ڕایەڵ وەسەری کەوتووە. ٥-مۆلەقە، کە ڕایەڵ بە ژێریدا دەڕوا. ٦-نەردە، کە ڕایەڵ هەڵدەکشێ بۆ بەری میچ و بە دەوریدا لێدەهاڵێتەوە. ٧-تەپانە. لە مەودای بەینی نەردە و تەپانەدا سەری ڕایەڵ وەیەکدێتەوە و بە هێچک لە گوریس گرێ دەدرێ[بڕ:وێنەیA-٦٠]، سەری ئەو گوریسە دوای ئەوەی بە دەوری تەپانەدا لێهالایەوە، شۆڕ دەبێتەوە بەردەستی جۆلا و لە کاریتەی کارخانە توند دەکرێ.





**نێوچۆلەکە newčolaka**: ←وڵاڵە

**وڵاڵە wəĺāĺa**: پارچە دارێکی خڕە، نێوەڕاستەکەی کون کراوە و بە تەوەرەیەکەوە خراوەتە نێو چۆلەکە[بڕ:وێنەیA-٦١]، دەورانەدەوری وڵاڵە هەندێک قووڵ کراوە تا ئەو ژێیەی بە سەریدا شۆڕبووەتەوە و گوردەکانی ڕاگرتووە، نەخزێ[بڕ:وێنەیA-٦٢]. وڵاڵە لە کاتی هەڵکشان و داکشانی گوردەکاندا دەسووڕێ. /«ولۆلە؛ هەلاڵە؛ هولاڵە؛ نێوچۆلەکە[٢٣]».

---

[٢٢]. دیوانی نالی، ل٢٥٩

**ولّولّە wəĺwəĺa**: ←ولاّلّە

**هولاّلّە huĺāĺa**: ←ولاّلّە

**هەلاّلّە haĺāĺa**: ←ولاّلّە


63

**هێچک hečək**: لوولاکی باڵندە، زیاتر هی قەلەموونە، کە دەخرێتە مابەینی گوریس و جەمسەری دوایی ڕایەڵەوە. کاری هێچک ئەوەیە ڕایەڵ لە گوریس قایم دەکا و تا دوایی کارەکە شلبوونەوەی بۆ نییە؛ هەروەها بەستن و کردنەوەشی هاسانە. **[بڕ:وێنەی٦٣]** /«یێچک».
≠«هەچەل hačal[لە دیالێکتی «لۆری»دا][24]»

**یێچک yečək**: ←هێچک

---

[23]. دوو وشەی «هولاّلّە» و «نێوچۆلەکە»م لە وتاری مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرت؛ بڕ: صنعت جولایی، ل٦٨

[24]. بڕ: **فرهنگ لری، حمید ایزدپناه، انجمن فرهنگ ایران باستان، تهران، ١٣٤٣، ص١٥٠. [لەمەودوا: فرهنگ لری]**

## (B) وشه و کەرەسته و زاراوەکانی جۆلایی

**ئاخشار دان axšār dān**: ←ئاخشەر دان

**ئاخشەر دان axšar dān**: بەنی ڕەنگکراو خستنە نێو دەرمانی تایبەت، بۆ ڕەنگنەدانەوە و نەگۆڕانی ڕەنگ. ئەم دەرمانە تایبەتە لە ڕەنگی جۆراوجۆردا دەتوانێ «ئاو و سووتووی یۆنجە»، «میزی گا»، «قوڕی ڕەش»، «ئاوی کوڵیو»، «زاخاو» یا هەر شتێکی تەجرەبەکراوی تر بێ. □«بەنەکەم ڕەنگ کردۆ، بەڵام هێشتا ئاخشەرم نەداوە».

**ئاخشەری یۆنجە axšarî yonca**: ئاوێک کە سووتووی یۆنجەی تێدا حەل کرابێ. (تێبـ.): یەکەمجار ئاوەکە دەکوڵێندرێ، ئەمجار بەنی ڕەنگکراو یا تەنراو دەخرێتە ناوی و چینچین سووتووەکەی بەسەر دادەکرێ و لە ناو ئاوەکەدا دەمێنێتەوە تا ماوەی پێویست.

**بنگرێ bəngəre**: چەشنێک هەڵبەستنی ڕیشووی بەرماڵ، جاجم یا پۆپەشمینە، کە چەند ڕیشوویەک جیا دەکرێنەوە و بنیان گرێ دەدرێ تا پۆیەکان هەڵنەوەشێنەوە. ئەم چەشنە هەڵبەستنە بە «گاوگێرە»ش نێو دەبرێ. (تێبـ.): گاوگێرە، چەشنە دروونێکی شاشە، کە بریتییە لە ڕیزە گرێیەکی پێکەوە لکاو، هەرگا جەمسەری شریتی دوایین گرێ ڕەها بکرێ و بکێشرێ، دروومانەکە سەر لەبەر و بە هاسانی هەڵدەوەشێتەوە. /«گاوگێرە».

**بەرگرتنەوە bargərtnawa**: بڵاوکردنەوەی کلکی ڕایەڵ بە هۆی داری بەرگرتنەوە. جەمسەری دوایی ڕایەڵ، کە لە درێژەی کاردا وێکهاتوون و بە هێچکەوە گرێ دراون، لە سەروبەندی تەواو بوونی کارەکەدا لە گوردەکان نزیک دەبنەوە و ئیدی بە نێوان «بەنگورد» و «شە»دا ڕەد




نابن، چارەی کار ئەوەیە بەری کرەکە بگیرێتەوە؛ واتە بە هۆی دارێکی تایبەت بەم کارە، بەرەکە پان بکرێتەوە و لەبەر یەک بڕەوێتەوە، تا بە هاسانی بە ناو شە و گورددا تێپەڕێ. [بڕ: وێنەی٦٤] چا:«داری بەرگرتنەوە».

**بەرە bara**: مەودای نێوان جۆلایە تا دەفە، کە وەستا دەستی دەگاتێ و شەپیتە پێوەدەدا و مەکووک تێوەدەدا.[٢٥](تێب.): ئەگەر بەنی ڕایەڵ باش بێ و کاری تەنین بە ڕێک و پێکی بڕواتە پێش، دەڵێن: «بەرە دەدا»؛ بەڵام ئەگەر بەن خراپ و لەکارنەهاتووبێ، وەک ئەستوور بوون، کوڵکن بوون، زۆر خاو بوون، زۆر گشت بوون، پسۆک بوون،... دەڵێن: «بەرە نادا». چا:«بەرە دان».




**بەرە دان bara dān**: لێک ئاوەڵا بوونەوەی ڕایەڵەکان بە هۆی هەڵکشان و داکشانی گورد، و هاتوچۆ کردنی مەکووک بە مابەینی ڕایەڵەکاندا، بە هاسانی. (تێب.): هەندێ جار کە بەنی ئەستوور و کوڵکن وەسەر دەزگا دەخرێ و ڕایەڵ دەکرێ، گوردەکان بە ڕەوانی کار ناکەن و بە تەواوی هەڵکێش و داکێشیان نابێ؛ لە کاتێکی ئاوادا تێوەدانی مەکووک، بە هۆی مەودای کەمی دوو دەستە ڕایەڵ، سەخت دەبێ و دەڵێن: «ئەو بەنە بەرە نادا»، واتە: بەنەکە لە بەر

---

[٢٥]. مامۆستا زەبیحی لەسەر ئەم وشەیە دەنووسێ: « مەودای نێوان (جۆلا) تا (شە) و (گورد) تێب ـ ئەم وشەیە برایەکی کوڕە جۆلای موکریانی بە هۆی مامۆستا (هێمن)ەوە بۆی ناردبووم، چۆنی ئەو نووسیویە منیش لەسەرەوە نووسیم بێ‌ئەوەی تێبگەم کە ئەم مەودایە لە جۆلاییدا چ کارێک دەکا و زیاد و کەمیی لەسەر بەرهەمەکە تەئسیری چیە؟»

بڕ: قامووسی زمانی کوردی(بەرگی دووەم)، عەبدولڕەحمان محەممەدئەمین زەبیحی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ل١٨٠

کوڵکنی و نائەمواری، تەواو لەبەر یەک ئاوەڵا نابێتەوە تا مەکووک بە نێو ڕایەڵەکاندا خۆش هاتوچۆ بکا. [بڕ: وێنەیA-٦٥]




**بەستە basta**: حەڵقە بەنێکی ئەستوور، یا چەند لۆیە، کە لەسەر نەزمێکی تایبەت لە «تروندە» دەخرێ بۆ ئەوەی ڕایەڵەکان نەکەونە سەر یەک و ئاڵۆز نەبن، و بەتایبەت هەودا ڕەش و سپییەکانیش لە شوێنی خۆیان نەترازێن؛ لە کاتی دامەزراندنی تروندە لەسەر دەزگای جۆلایی، بەستە دەکرێتەوە و لادەبرێ. [بڕ:وێنەیA-٦٦]




هەروەها بەو کوتە بەنەش دەڵێن کە لە حەڵقەی ماشەر گرێ دەدرێ تا نەکرێتەوە و ئاڵۆز نەبێ. [بڕ:وێنەیA-٦٧]

**بەن ban**: خوری یا مووی ڕێسراو. [بڕ:وێنەی٦٨]




**بەنی خاو banî xāw**: بەنێکە دوای ڕستنی هێشتا با نەدراوە، یا لە «بادان»دا بە ڕادەی پێویست کرژ نەکراوەتەوە. بەنی خاو بۆ تەنین یا چنین ناشێ و دەکار ناکرێ، چونکە خۆڕاگریی کەمە و لە کارکردندا لێک هەڵدەوەشێ و دەبێتەوە بە خوری. [بڕ:وێنەی٦٩] ◄«ڕیس لێبوونەوە بە خوری»، واتە: زەحمەت بە فیڕۆ چوون. □«ڕیسەکەم لێبۆوە بە خوری»، واتە: زەحمەتەکەم بە فیڕۆ چوو.




**بەنی کرژ banî kərəj**: بەنێکە لە «بادان»دا پتر لە ڕادەی پێویست کرژ کرابێتەوە؛ ئەو کرژییە دەبێتە هۆی ئەوەی

زووزوو وێک بێ و گرفنچکی لێساز بێ.




[بڕ:وێنەی٧٠] تەشیڕێس لە کاتی بادانی «بەن»دا، هەر وەخت دیتی تەشییەکەی پتر لە ڕادەی پێویست سووڕاوە و بەنەکەی لێکرژ بووە، بەر لەوەی بەنە بادراوەکە لەسەر تەشی هەڵبکا، هەندێکی لە بەنە خاو و بانەدراوەکە وەبەر دەدا تا لە کرژیی بادراوەکە کەم بکاتەوە.




**پشت ماسیلکە pəšt māsîlka** پێکەوەدانی دوو تەختەی کر، بە شێوەیەکی تایبەت. لەم شێوەیەدا هەر تەختەی تەقەڵێکی لێدەدرێ و پاشان دەرزی لە مابەینی هەر دوو تەقەڵەکان دێتەوە دەر. [بڕ:وێنەی٧١] /«مام شەبەقە».

«پشتماسیلکە کردن» لەسەر بەرماڵی مەرەز و بەنرخ دەکرێ و لە «سەردروو کردن» پەسندترە.

**پۆ po**: داوی پانایی کرە، کە جۆلا لە ڕاست و چەپڕا، بە هۆی مەکووکەوە لە «تان»ی هەڵدەکێشێ و کری پێ دەتەنێ. /«تێوەدان». ≠«ڕدێ؛ هەڤۆ». فا.«پود = پوود؛ فود = فوود».

□وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتوومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومە داو[٢٦]




**پەشم pašm, pašəm**: تووکی مەڕ و وشتر، کە بە نەڕێسراوی بۆ نێو دۆشەگ و دۆشەگەڵە و لێفە کەڵکی لێوەردەگیرێ، و بە ڕێسراویش دەتەنرێ یا دەچندرێ. [بڕ:وێنەی٧٢] /«خووری». فا.«پشم=پەشم». ◄«پەشم» کینایەیە لە «هیچوپووچ، بێکەڵک».

---

[٢٦]. دیوانی نالی، ل٣٥٥

□ سەودازەدەکەی زوڵفت، ئەزهاری لە کن پەشمە
دوور لەو گوڵە بێخارە، گوڵزاری لە کن پەشمە[٢٧].



**پێ pe**: ئەندازەیەکی درێژاییە بە مەودای بیست گرێی بەنگورد لەسەر دارگورد. **[بڕ:وێنەی٧٣]** (تێب.): هەر گوردێک بریتییە لە دوو دار کە مەودای ئەو دوو دارە بە بەنێکی قایم بە ناوی بەنگورد، لەسەر نەزمێکی تایبەت هەڵبەستراوە. لەسەر هەر دارەی هەشتا گرێ لێدەدرێ و بە بنی هەر گرێیەکیشەوە حەڵقەبەنێکی کەمتر لە دە سانتی شۆڕبووەتەوە، ئەو دوو حەڵقەیە وەکی زنجیر تێکخراون. کەوایە هەر دوو داری یەک گورد، هەشتا جووت گرێی لەسەرە. لە یەکەم گرێی جەمسەری دارەوە تا بیست گرێ، دەبێتە «یەک پێ»؛ **[بڕ:وێنەیA-٧٤]** کە ئەگەر گرێکانی



بەرامبەریشی لەسەر دارگوردەکەی ڕووبەڕووی حیساب بکەین، دەبێتە «بیست جووت» لەسەر یەک گورد؛ یا «بیست گرێ» لەسەر یەک دار. کەوایە گوردێکی هەشتا جووت گرێیی، دەبێتە ٤ پێ، کە پانایی بەری کری پێ دیاری دەکرێ. دەڵێن: «ئەو بەرماڵە بەری ٤ پێیە». بەری کر، تەسکترینی ٤ و بەرینترینی ٨ پێیە، کە بە «نیو پێ» زیاد دەبێ، بەم چەشنە: (٤پێ؛ هەشتا گرێ)، (٤/٥ پێ؛ نەوەد گرێ)، (٥ پێ؛ سەد گرێ)، (٥/٥ پێ؛ سەدودە گرێ)، (٦ پێ؛ سەدوبیست گرێ)، (٦/٥ پێ؛ سەدوسی گرێ)، (٧ پێ؛ سەدوچل گرێ) (٧/٥ پێ؛ سەدوپەنجا گرێ)، (٨ پێ؛ سەدوشێست گرێ).

**پێچاڵ pečāĺ**: لە کاری جۆلاییدا دوو مانای هەیە، یەکەم لاق پێدادانی جۆلایە بە پێتاتەکانی بەرپێی، کە بەم کارە دەڵێن «پێچاڵ کردن»؛ دووەم، قوڵکەی بەرپێی جۆلایە کە پێتاتەکان تێیدا دامەزراون. هەڵبەت ئێستا ئەم

---

[٢٧]. دیوانی نالی، ل٤٧٤

شوێنە قوڵکە نییە و هەر گۆڕایییە و پێتاتەکانی لەسەر دانراوە، «چونکە کارخانەی جۆلایی هەندی ئەوەندەی وەستا لەسەری دانیشێ و لاقی بگاتە زەوی، بڵیند کراوە؛ لە ڕابردوودا کاریتەکانی کارخانە هەندی ئەوەندەی گوردەکان زەوی نەگرن، نەوی بوون، بۆیە جۆلا ناچار بوو چاڵێک هەڵکەنێ و پێتاتەکانی تێدا دامەزرێنێ و لاق دە چاڵەکە کێشێ.»[28]

□با لە ناو ............... پێچاڵی سەد جۆلا نەکەم
با ... وەک قەلعەیی خەیبەر بە مەترەق وا نەکەم[29]

□لە پێچاڵی تەنین بێ ڕایەڵ و پۆ
مەکووکێکی خولی هەودا پساوم[30]

**پێکەوەدان pekawadān**: لێک دروونی تەختەکانی کری جۆلایی. تەختەی کرەکانی جۆلایی، لە دوای تەواو بوونیان دەبێ لێک بدوورێن. پێکەوەدانی ئەو تەختانە بە دەرزی و بەنی هاوڕەنگی کرەکە ئەنجام دەدرێ. ئەو کارە سرنج و وردبوونەوەی پێویستە، چونکە نەخشی سەر کرەکە لە تەنیندا سەرجەم دوو نیوە دەبێ و هەر لەتکەی دەکەوێتە تەختەیەکەوە. ئەو کەسەی دوو تەختەکە لێک دەدروێ، دەبێ بتوانی نەخشەکان بە جوانی ساغ بکاتەوە. /«لێک دروون؛ نوێردە کردن».




(تێب). لێکنەدروانی کر، نیشانەی نوێ بوونێتی، کەوایە پەسند نییە لە لای جۆلا لێک بدوورێ و بچتە بازاڕ، بەڵکوو کڕیار بە نەدروای دەیکڕێ و خۆی لە ماڵ لێکی دەدروێ. پێکەوەدانی تەختەکانی کر، کارێکی

[28]. لەم شیکردنەوەیەدا، کە کەوتووەتە ناو جووتکەوانە، کەڵکم لە ڕاڤەی مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرتووە؛ بڕ: صنعت جولایی، ص۶۵

[29]. شوکری فەزلی ۱۸۸۲ - ۱۹۲٦، تەرجیعبەندێکە لە هەجوی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دا.
بڕ: شوکری فەزڵی، شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالد(ئاگرین)، بڵاوکراوەی «دارالحریە»، چاپی یەکەم، بەغدا ۱۹۵۵، ل۸٦

[30]. محەممەدی نووری ۱۹۲٦ - ۲۰۰۹؛
بڕ: شەوێک و خەوێک؛ بستووی ژیان، پێداچوونەوە و ئامادە کردن: سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ۲۰۰٦، ل۱۸

ژنانەیە و بە شێوەگەلی «سەردروو»، «مامشەبەقە یا پشتماسیلکە»، «گاگێرە یا بنگرێ» و «شەشتەقەڵە» ئەنجام دەدرێ.

**تان tān**: ئەو هەودایەیە کە لە بەردەم جۆڵاوە تا دوایی دەزگاکە کێشراوە و بووەتە داوی درێژایی «کر»ەکە. جۆڵا بە «مەکووک» لەسەر ئەو «تان»ە «پۆ» تێهەڵکێش دەکا و کرەکە دەتەنێ. **[بڕ:وێنەی٧٥]** ◄لە مەتەڵۆکی کوردیدا دەڵێ: «دەعبایێک هات بە هۆهۆ، نە تانی هەیە و نە پۆ! **[لمەد/لباد]**». /«ڕایەڵ؛ ڕەیاڵ؛ داو؛ هەودا». ≠«تاڵ؛ تار؛ لۆ؛ لۆنە».


76

□هەموو ژێتاری پڕ ناڵە و خرۆشن
ڕەگ و تاڵێ دەبزوێن لەم وجوودە.[٣١]

□لەم پارچەلۆکە هەورە بە قەد ڕووی هەموو زەمین
بەم ڕایەڵە قەدیفەیی سەوزی عەجەب تەنی[٣٢]

**تروندە tərunda**: ئەو دەستە بەنەیە کە لەسەر کارخانەی نانەوە، بە ژمارە و بە ڕەنگ ڕایەڵ کراوە و ئامادەیە بچێتە سەر دەزگای جۆڵایی. لە تروندەدا ڕایەڵی ڕەش و سپی، یا ڕەنگی، هەر کام جێگایان لە دەزگای جۆڵاییدا بۆ دیاری دەکرێ. **[بڕ:وێنەی٧٦]** ژمارەی ڕایەڵەکانی بەرماڵ لە تروندەدا بەم چەشنەیە: بەرماڵی ئاسایی، **١٠٠** جووت بۆ تەخت و **٢٠** جووت بۆ حاشیە(سەرجەم **١٢٠** جووت ڕایەڵ)؛ بەرماڵی بەرپان، **١٢٠** جووت بۆ تەخت و **٢٠** جووت بۆ حاشیە(سەرجەم **١٤٠** جووت ڕایەڵ) و **١٤٠** جووت بۆ تەخت و **٢٠** جووت بۆ حاشیە(سەرجەم **١٦٠** جووت ڕایەڵ).

**تەخت taxət**: بریتییە لە مەتن و بنەکوکی کر، کە دەکەوێتە دەورانبەری نەخش و وێنەکان. زۆرینەی ڕایەڵەکانی کر لەسەر هەر ڕەنگێک بێ، ئەو

---

[٣١]. مەلا عومەری سالحی ساحێب(کۆلیل)؛
بڕ: دووبەیتییەکانی مەلا عومەری سالحی ساحێب، ئامادە کردن: عەبدوڵلا سەمەدی، بڵاوکراوەی محەممەدی، سەقز، ١٣٦٧، ل٩٥

[٣٢]. دیوانی نالی، ل٦٦٣

ڕەنگە تەختی کرەکە پێکدێنێ؛ بۆ وێنە دەڵێن: ئەو بەرماڵە تەختی لەسەر سووورە، یا تەختی لەسەر سپییە.


77

**تەختە taxta:** هەر بەشێک لە کر، کە بە پانایی دەفە دەتەنرێ، یەک «تەختە»ی پێ دەگوترێ. جاجم و پۆپەشمین چوار تەختەن، بەرماڵ دوو تەختەیە و بوزووش تەسک و باریکە و هەر بە یەک تەختەی درێژەوە دەتەنرێ. هەندێ دەزگای جۆلایی دەفە و گورد و شانەی پانیان هەیە و دەکرێ دوو تەختەی بە سەر یەکەوە پێبتەنرێ؛ کەوایە لە دەزگای پاندا جاجم و پۆپەشمین دەکرێنە دوو تەختە، بەرماڵ دەکرێتە یەک تەختە.

**تەنراو tanrāw:** ئەو کرەیە کە بە دەزگای جۆلایی هاتبێتە بەرهەم؛ وەک جاجم، بەرماڵ، پۆپەشمین، بووزوو، جاو، خام. هەروەها لەسەر دەزگای جۆلایی، بەو بەشە «ڕایەڵ»ە دەگوترێ کە بە هۆی «پۆ»ی مەکووکەوە تەنرابێ.

[بڕ:وێنەی٧٧] /«کر».


78

□ کێ بێ کەوە چاوی هەڵبهێنێ
لەو تەون و کرانە دانەمێنێ؟[٣٣]
□ نەبوونی بۆ کری تەونت جوانە
بەشی تۆ هەر نەفەوتان و ژیانە
لە دنیادا هەموو ئەو تار و پۆیە
کری نووکی هەپۆیی دەستی تۆیە
لە کر نامێنێ ئاسار و شوێنی
خودا و کرگێڕی کۆنیکر دەمێنی.[٣٤]


79

---

[٣٣]. مامۆستا مەلا کەریمی هونەرمەند (فیدایی)١٩٢٨ – ١٩٩٣؛
بڕ: لاس و خەزاڵ، هۆنراوەی مەلا کەریمی فیدایی، ئامادەکردنی سەید محەممەد سەمەدی، بڵاوکراوەی ڕەهرەو، مەهاباد١٣٨٠، ل١٠
[٣٤]. مامۆستا مەلا کەریمی هونەرمەند (فیدایی)، «مێژووی ژیان»؛ دەستنووس. [لەمەودوا: مێژووی ژیان]

**تیوەدان tewadān**: بریتی‌یە لە هێنان و بردنی مەکووک بۆ ڕاست و چەپ، کە جۆڵا بەم کارە «پۆ» تێهەڵکێشی ڕایەڵەکان دەکا. هەروەها بە بەنی «پۆ»ش دەگوترێ. [بڕ:وێنەی٧٨و٧٩]

**جاوەتەنە cāwatana**: ←جۆلاتەنە

**جاوەڵووکە cāwaĺûka**: ←جۆلاتەنە

**جۆڵا coĺā**: وەستای جۆڵایی. ئەو کەسەی لەسەر دەزگای جۆڵایی جاجم، بەرماڵ، پۆپەشمین، بووزوو، جاو و خام دەتەنێ. ≠«جولحا؛ جولی؛ جۆڵە، جوولگ؛ کۆڕسکەر؛ خانووت[٣٥]؛ جیلا[لە لەهجەی «لۆری»دا][٣٦]».

فا.«جولا=جوولا؛ جوله=جوولێ؛ جولاهە=جوولاهێ؛ جولاهک=جوولاهەک؛ جشیر=جەشیر؛ بافندە=بافەندێ؛ کوفشانە=کووفشانێ». ع.«نساج=نەسساج؛ حائک=حائیک؛ وصاد=وەسساد».

**جۆلاتەنە coĺātana**: ١-جاڵجاڵووکە. ٢-داوی جاڵجاڵووکە. /«جاوەتەنە؛ داوەتەنە؛ جاوەڵووکە». ≠«١-جۆڵاکەرە؛ جیلاباف cîlābāf[لە لەهجەی «لۆری»دا و لە هەمان لەهجە و لە شێوەزاری «خورڕەمئاوایی»دا چەرچەر[٣٧] čarčarی پێدەڵێن.][٣٨]؛ کرنجال kərəncāl[لە لەهجەی «بەختیاری»دا][٣٩]؛ جۆمێتەنکە cometanka[لە لەهجەی «لەکی»دا و کارتێنەک kārtenak لە هەمان لەهجە و بە شێوەزاری «حەسەنوەند» و «ئەلیشتەر»دا][٤٠] ؛ کارتێنە؛ کاکڵەمووشان؛ داپیرۆشک. ٢-تۆڕی جاڵجاڵووکە؛ داوی کاکڵەمووشان؛ هەڵاوە». لە شێوەزاری (یەزدی)دا «کرتین=کەرەتێین karateyn»ی پێدەڵێن، هەروەها بە جاڵجاڵووکەی

---

[٣٥]. وشەیەکی ئەرمەنییە بە مانای «دووکانی مەیفرۆشی، مەیخانە» و لە عەرەبیدا «حوجرە»یە.

[٣٦]. بڕ: فرهنگ لری، ل٣٨

[٣٧]. بڕ: گزارش گویش‌های لری، علی حصوری، کتابخانۀ طهوری، تهران، ١٣٤٢، ص٣۶

[٣٨]. بڕ: فرهنگ لری، ل٣٨

[٣٩]. بڕ: ضرب‌المثل‌های بختیاری، دکتر کیانوش کیانی هفت‌لنگ، ناشر:مؤلف، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨، ل٩٨

[٤٠]. بڕ: فرهنگ لکی، ل٣٨و٩٩

بچووکیش دەڵێن «کرتینک=کەرەتێینۆک karateynok»[٤١]. فا.«کارتنک = کارتەنەک؛ کارتۆنەک». ع.«عنکبوت=عەنکەبووت».

**جۆڵایی colāyî**: کاری تەنینی جاجم و بەرماڵ و پۆپەشمین و بووزوو و جاو و خام، بە دەزگای تایبەت. ≠«خانووت». فا.«جولایی=جوولایی؛ جولاهگی=جوولاهەگی».

**چارەک čārak**: ←چارەگ

**چارەگ čārag**: چەند هەودایەک بەنە کە دەکەوێتە نێوان گرێکانی سەر دارگورد، و بیست بیست لێکیان جیا دەکاتەوە؛ بە واتایەکی تر، سنووری نێوان «پێ»یەکانی گورد دیاری دەکا، تا بەرینایی کرەکە بدا بە دەستەوە. /«چارەک». چا.«پێ؛ گورد هەڵبەستن».

**چلە čəla**: هەر یەک لە کرەکانی جۆڵایی لە ئەندازی خۆیان درێژایی دیاریکراویان هەیە، کە دەبێ جۆڵا لە کاتی ڕایەڵکردنی «بەن»دا ئەو درێژایییە وەبەرچاو بگرێ. بۆ نموونە درێژیی بەرماڵ گەزونیوێکە تا دوو گەز؛ بەڵام ئەگەر وەستای ناشی و تازەکار هەندی سێ گەزی بەن بۆ ڕایەڵ بکا، لە تەنیندا ناچارە کە گەیشتە دوو گەز، کارەکە ڕابگرێ، ئەگینا بەرماڵی سێ گەزی لە قەوارەی خۆی ترازاوە و سەقەتە. لێرەدا هەندی گەزێک ڕایەڵی زیادی دەمێنێتەوە کە یەک هەوداش نییە تا بۆ کارێکی تر کەڵکی لێوەربگیرێ، بەڵکوو بریتییە لە هەشتا تا سەدوشەست هەودای یەک میتری، کە بە ناعیلاجی دەبێ ببڕدرێ. بە قانگڵەکراو و گرێدراوی ئەو دەستە بەنە کوتکوتە دەڵێن «چلە».

**چیکەنە čîkana**: خەڕەکی تایبەت بە خاوێنکردنەوەی لۆکە. وەک خەڕەکی لوولە هەڵکردن، دەسکەکەی بادەدرێ و لۆکەی وەبەر دەدرێ، لەگەڵ سووڕاندنەکە لۆکە دەڕواتە ژوور و دەنکەکەی بەجێدەمێنێ.

**خۆڕەنگ xořang**: بەو بەنە دەگوترێ کە لە لای خمگەر ڕەنگ نەکرابێ، بەڵکوو ڕەنگەکە هی خۆی بێ. خۆڕەنگەکان بریتین لە: سپی، ڕەش،

---

[٤١]. بر: واژەها و گویش‌های یزدی، گردآورنده: دکتر محمد حاتمی‌زاده، انتشارات «ما»، چاپ اول، تهران، ١٣٨٣، ص١٣٧، [لەمەودوا: واژەها و گویش‌های یزدی]

سوور، شین یا شینکی، نەباتی، گورگی. هەڵبەت لە کاری جۆلاییدا «سوور» بە مانای ڕەنگی خوێن نییە، بەڵکوو بە ڕەنگی ئاماڵ قاوەیی دەگوترێ.

□«هەژار بۆ تەونی ئەو کرە لەبار و سفتەی خۆی، شێوەی موکریانی کردۆتە تەخت و بۆ نەخش و وێنەکانی وشەی ڕەنگین و خۆڕەنگ و جوانی هەموو زاراوەکانی تێوەداوە و تا بۆی کراوە خۆی لە ڕایەڵ و پۆی وشەی نامۆ و بێگانە و کوردیی داتاشراوی ناقۆڵا و ناڕەسەنی تازە پێداکەوتوو پاراستووە.»[٤٢]

خوری **xurî**: ←پەشم

داو **dāw**: ←تان

داوەتەنە **dāwatana**: ←جۆلاتەنە

دوو بە دانە **dû ba dāna**: ڕەد بوونی دوو ڕایەڵ بە کەلوویەکدا، واتە دوو هەودای ڕایەڵ بە مابەینی ددانەیەکی «شە»دا. جاجم و بەرماڵ «دوو بە دانە»ن. (تێب.): لە هەندێ لەهجەی زمانی کوردیدا بە «شە»ی جۆلایی دەڵێن: «دانە»؛ لەم زاراوەیەی مەهابادیشدا «دانە» بە مانای «شە» هاتووە. چا.«سێ بە دانە».

دەزگای جۆلایی **dazgāy coĺāyî**: مەکینەی تایبەت بە تەنینی جاو، خام، بەرماڵ، جاجم، پۆپەشمین و بووزوو، کە لە کۆمەڵێک ئامرازی لە دار و تەختە و بەن، ساز کراوە و لەسەر نەزمێکی ڕێکوپێک تێکخراوە و جۆلا کاری پێ دەکا. ◀لە مەتەڵۆکەی کوردیدا دەڵێ: «ئەوە چێ، ئاسن و بەن و گلۆڵە، وێیم خست ڕەشی دوولا، لێمخوڕی کردێ قوولە!؟»[دەزگای جۆلایی]؛ «سێموور لە لکی دارێ، خۆی هاویشتە چنارێ، تا چنارە دەبزوێ، سێمووره دەگرێ بەرێ!؟»[دەزگای جۆلایی]».

ڕایەڵ **ŕāyaĺ**: ←تان

---

[٤٢]. پێشەکیی مامۆستا هێمن لەسەر وەرگێڕاوی کوردیی شەرەفنامە؛
بڕ: شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، چاپی دووهەم، تاران ١٩٨١، ل حەفتاویەک.

ڕایەڵ کردن **ŕāyaĺ kərdən**: کردنی گلۆڵە بە هەودا، لە مابەینی دوو یا چەند گیرگەدا. /«ڕەیاڵکردن». ◀«بەن ڕایەڵ کردن»، بە مانای هاتوچۆ کردنی زۆر، یا هاتوچۆ کردنی بەپەلەیە.
□«فلانە کەس خەریکی بەن ڕایەڵ کردنە»، واتە: زۆر هاتوچۆ دەکا. «ئەرێ ئەو هاتوچوویەت لە چییە، خۆ بەنی ڕەیاڵ ناکەی؟!»

ڕەنگ کردن **ŕang kərdən**: گۆڕینی ڕەنگی بەن بە شێوەی دەستکرد. (تێبـ.): بەن بۆ ئەوەی ڕەنگی دڵخواز بگرێ، وەک سوور، شین، نارنجی، کەسک، زەرد، و... دەکرێتە ماشەر و دەنێردرێتە لای خمگەر یا ڕەنگڕێز. ڕەنگکردن یا بە جەوهەر یا بە گیا دەکرێ. جەوهەر مادەیەکی کیمیاییە و دەگیرێتەوە. ڕەنگکردنی بە گیا، بریتییە لە: «ڕۆنیاس»، بۆ ڕەنگی سووری پەمەیی تۆخ؛ «توێکڵی گوێز»، بۆ ڕەنگی سووری خەنەیی؛ «تاڵک»، بۆ ڕەنگی ڕەشی ئاماڵ زەرد؛ «زەرتک»[43]، بۆ ڕەنگی زەردی گەش. ئەم ڕەنگانە بۆ «بەنی سپی»ن، بەڵام کە بێتوو بەنی ڕەنگدار دیسان بە گیا ڕەنگ بکرێتەوە، ئەوە گەلێک ڕەنگی ئامێتە و لێکدراوی نوێ ساز دەکرێن. بۆ نموونە: بەنی سوور دەخرێتە نێو ئاوی کوڵیوی توێکڵە گوێز و دەبێتە «سوور گوێز». بەن لە دوای ڕەنگکردنی، «ئاخشەر» دەدرێ تا ڕەنگەکە نەگۆڕ بمێنێتەوە و دەوامی زیاتر بێ. [بڕ: ئاخشەر دان] ڕەنگ کردن تایبەتی بەنە، مەرەز ڕەنگ ناکرێ، بەڵام بۆ ساز کردنی ڕەنگی دڵخواز، تێکەڵ دەکرێ. [بڕ: لێکدان] چا:«خۆڕەنگ». ◀«ڕەنگ کردن» کینایەیە لە فێڵ لێکردن و دەستبڕین. □«وشیار بە ڕەنگت نەکا»، واتە: ئاگات لە خۆ بێ کڵاوت لەسەر نەنێ.

ڕەیاڵ **ŕayāĺ** ←تان

ڕەیاڵ کردن **ŕayaĺ kərdən**: ←ڕایەڵ کردن

[43]. بەو جۆرەی کە لە فەرهەنگی لوڕیدا نووسراوە، هەوەڵ بەن بە زەرتک[گەنەل **ganal**] ڕەنگ دەکرێ و پاشان ڕەنگی دڵخوازی لەسەر دەدرێ. بڕ: **فرهنگ لری، ل۱۲۶**

**ڕیس ŕîs**: هەر کولکەیەک کە بە تەشی یا خەڕەک ڕێسرابێ. ≠«ڕێس». لە شێوەزاری (یەزدی)دا «هودا=هودا hudā»[٤٤]ی پێدەڵێن، کە هاوڕەگەزە لەگەڵ «هەودا»ی کوردی. فا.«ریس=ڕیس».



**زنجیرە zəncîra**: شێوەیەکی هەڵبەستنە کە تایبەتە بە بەرماڵ، بەڵام بەو مانایە نییە کە جاجم و پۆپەشمینیش زنجیرە نەکرێن. لەم شێوەیەدا بنی ڕیشووەکان وەک پرچ دەهۆنرێتەوە و پاشان ڕیشووەکان دەستەدەستە دەکرێن و بنەکەیان گرێ دەدرێ. **[بڕ:وێنەی٨٠]**

**سفت səfət**: بریتییە لەو کرەی کە پۆیەکانی زۆر کوترابێتەوە و لەگەڵ تانەکان توند تێک بەزیبن.

**سەردڕ sardəŕ**: ١-کرێکی جۆلایی بووە لە لۆکە، کە چەشنە جلکێکی هەرزانبایی لێدروست کراوە و کاتی پێویست لەسەر جلوبەرگی باش دەبەر کراوە تا ئاگاداریی لێبکا. ٢-شاگردانەی جۆلایانە[٤٥]. ٣-حەقدەستی جۆلا، نەک بە پارە، بەڵکوو بە کر یا کەرەسە[٤٦]. ◄«وەک جۆلای بە سەردڕی خۆی ڕازی نێ»، واتە: «شتی خۆی لە لا سووکە» یا «حاشا لە زەحمەت و حەقدەستی خۆی دەکا».

□جۆلا بە سەردڕی خۆی ناڕازییە
هەر کەس کاری خۆی جێ بێوازییە.[٤٧]

---

[٤٤]. بڕ: واژەها و گویش‌های یزدی، ص١٨٨،

[٤٥]. ئەم ڕاڤەیەم لە فەرهەنگی کوردستان وەرگرت؛
بڕ: فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩

[٤٦]. لە شیکردنەوەی (٣)دا، کەڵکم لە ڕاڤەی مامۆستا قادری فەتتاحی قازی وەرگرتووە؛ بڕ: **صنعت جولایی**، ص٧٣و٧٤

[٤٧]. ئیبڕاهیم ئەفخەمی ١٣٠١-١٣٧٣؛
بڕ: دیاری نوێ، ئیبڕاهیمی ئەفخەمی، بڵاوکەرەوە: نەفیسیفەر، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٦١، ل٦٦.
[لەمەودوا: دیاری نوێ]

□شیبهی جۆڵە کە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا.[٤٨]

**سەردروو sardərû**: پێکەوەدانی دوو تەختەی کر، بە شێوەی تەقەڵی ئاسایی و سادە.





**سەرەتەشی saratašî**: هەندێ جار بۆ کارهاسانی، ئەو بەنەی بە کلکی تەشییەوە ڕێسراوە و هەڵکراوە، دادەماڵن و وەک گلۆڵە کەڵکی لێوەردەگرن. کەوایە «سەرەتەشی» گلۆڵەیەکە بە دەست هەڵنەکرابێ، بەڵکوو لە تەشی داماڵدرابێ. [بڕ:وێنەی ٨١و٨٢] /«سەرەخڕیلکە؛ سەرەخڕیلە». چا:«گلۆڵە».

**سەرەخڕیلکە saraxəŕîlka** ←سەرەتەشی

**سەرەخڕیلە saraxəŕîla** ←سەرەتەشی

**سێ بە دانە se ba dāna**: ڕەد بوونی سێ ڕایەڵ بە کەلوویەکدا، واتە سێ هەودای ڕایەڵ بە مابەینی ددانەیەکی «شە»دا. بووزوو «سێ بە دانە»یە. چا.«دوو بە دانە».

**شاش šāš**: بریتییە لەو کرەی کە پۆیەکانی چاک نەکوترابنەوە و لەگەڵ تانەکان مەودایان هەبێ.

**شەپیتکە šapîtka**: جۆلا، بۆ سفت کردنی تەنراو، لە بەینی هەر جارە تێوەدانی مەکووکدا، یەک دوو جار بە شەق و هۆڕ دەفە پێدادەدا. بەم کارە دەڵێن: «شەپیتکە پێوەدان، شەپیتکە لێدان». /«شەپیتە». ◄لە پەندی پێشینانداا بۆ کارێکی کە هێشتا حازر نەبێ، بەڵام قسە لەسەر

---

[٤٨]. حاجی قادری کۆیی ١٨١٥ـ١٨٩٢؛
بڕ: دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران/کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی: مەسعوود محەممەد، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ؟، ١٩٨٦، ل٣٧

بەرهەمەکەی بکرێ، دەڵێن: «هێشتا نەڕێسراوە و نەپێچراوە، شەققەی دێ». «شەققە» لێرەدا مەبەست لە شەپیتە پێوەدانە.

□هەر وەکوو جۆڵا شەپیتکەی پێوەدە

لابەرە پەردەی سەراپەردەی ئەدەب[٤٩]

**شەپیتە šapîta**: ←شەپیتکە

**شەشتەقەڵە šaštaqaĺa**: بۆ ئەوەی تەختەکانی کر لێکهەڵنەبڕێن، جۆڵا لە سێ جێگاوە تەقەڵی لێدەدا و بەینی تەقەڵەکان بە نەدرواوی دەهێڵێتەوە. بەم پێکەوەدانە کاتییەی جۆڵا دەڵێن: «شەشتەقەڵە».

◀«شەش تەقەڵ و مانگەشەو»، واتە: کاری بەپەلە و عەیبدار.

**قورغوو qurγû**: قامیشێکی سەخت و ڕێک و لووس و قایمە، ددانەی شەی جۆڵایی لێساز دەکرێ. پانایی هەر ددانە تا نیو سانت و درێژاییەکەی پازدە تا کەمتر لە بیست سانتە. ددانەی لە قورغوو، هەرچەند زۆر سەخت و قایمە، بەڵام وەک پلاستیک خوار دەبێتەوە و ناشکێ. [بڕ:وێنەی٨٣و٨٤] (تێب.): پیکی «نایە»ش هەر لەم قامیشە ساز دەکرێ. /«قوڕغوو؛ قەرغوو؛ قەرەغوو».





**قوڕغوو quŕγû**: ←قورغوو

**قەرغوو qarγû**: ←قورغوو

**قەرەغوو qaraγû**: ←قورغوو

**کر kər**: ←تەنراو

---

[٤٩]. مەلا کاکە حەمەی بێلوو(ناری) ١٨٧٤-١٩٤٤؛

بڕوانە: دیوانی ناری، مەلا کاکە حەمەی بێلوو، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسین و پێشەکی کاکەی فەللاح، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی ١٩٨٤. ل٤٠-٣٩




**کۆل kol:** دوو پارچە تەختە یا دوو پارچە ئاسنی سافن کە بووزوویان دەخرێتە ناو و بە توندی پێکەوە دەنووسێنرێن تا بووزووەکە ساف بکەن و بریقەی وێخەن. ئێستا ئەو کارە بە «ئوتوو» ئەنجام دەدرێ. [بڕ:وێنەی٨٥]

**کەڵاف kaĺāf:** ئەو بڕە بەنە کە لەسەر خەڕەک کۆ دەبێتەوە. فا.«کلاف=کەلاف؛ کلافە=کەلافێ؛ کلابە=کەلابە؛ کلاوە=کەلاوە».




**گاوگێرە gāwgera:** ←بنگرێ

**گرفنچک gərfənčək:** بەنی زۆر کرژ لە کاتی تەنیندا، لە دەوری خۆی دەسووڕێتەوە و کاری جۆڵا گران دەکا. کەوایە گرێ نییە، چەشنێک لێکهاڵان و ئاڵۆز بوونە بە هۆی کرژیی بەن. [بڕ:وێنەی٨٦]




□کوا خودا بەو ڕۆژە کا وا ئەم گەلەش بێ سەربەخۆ

ڕایەڵ و پۆ تێوەدانی نەیبێ قەت گرفنچکێ[٥٠]

---

[٥٠]. سەید محەممەدئەمینی بەرزەنجی (خاڵەمین)١٩٠٥-١٩٩٢؛ بڕوانە: تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، جلد اول(بوکان)، ابراهیم افخمی، انتشارات محمدی، سقز١٣۶۴، ل٤٥٧-٤٥٨

**گرێدان gəredān**: کرێک ئەگەر لەسەر دەزگای جۆلایی تەواو دەبێ، یەکەمجار بە مەودای یەک بست و چوار قامک دەبڕدرێ، [بڕ:وێنەی۸۷] دوایە ڕایەڵەکانی لە پێش «شە» و پشت گوردەکانەوە گرێ دەدرێ، [بڕ:وێنەی۸۸] ئەوجار لەسەر دەزگا لادەبرێ. کری تازە ئەگەر بخرێتە سەر دەزگای جۆلایی، هەودای ڕایەڵەکان لە هەودای بڕدراوی پێشوو گرێ دەدرێ و بەو جۆرە تەنینی تازە دەست پێدەکا. بەڵام ئەگەر بێتوو کرە تازەکە لە ڕەنگ یا پاناییدا جیاوازی لەگەڵ کرەکەی پێشوو هەبێ، ئەوە شانە و گوردی دەزگاکە بە هەودا بڕدراوەکانەوە لێدەکرێتەوە و بە دیوارەوە هەڵدەواسرێ[بڕ:وێنەی۸۹] و گورد و شانەیەکی هەڵگیراوی تر کە هەمان ڕەنگ و ئەندازە بگرێتەوە، وەسەر دەزگا دەخرێ.


88


89

**گلۆڵە gəĺoĺa**: ئەو بەشە بەنەیە کە وەکوو گۆ هەڵدەکرێتە سەر یەک و ئامادە دەکرێ بۆ کار. بەن تا نەکرێتە گلۆڵە، ماشەر و تروندەی لێ‌ساز ناکرێ، یا لە سەر لوولە هەڵناکرێ. [بڕ:وێنەی۹۰] /«گولۆڵە». چا:«سەرەتەشی». ◄«گلۆڵەت کەوتە لێژی، هیچکەس خاسیت نایێژی»، واتە: ئەگەر لێتقەوما و کەوتییە نەهامەتی، نەتەنیا خەڵک یارمەتیت نادەن، بەڵکوو بە خراپیش باست دەکەن. چا:«بەن هەڵکردن».


90

□ ئەمڕۆکە گلۆڵەی من کەوتۆتە سەرەولێژی

هیچکەس نییە خاس بێژی تا خۆ کەمە قوربانی[51]



**گورد هەڵبەستن gurd haĺbastən**: بریتییە لە گرێدانی بەنگورد لە دارگورد، بە هۆی ساچینەوە. [بڕ:وێنەی٩١و٩٢] گورد دوو داری هەیە کە هەر دارەی هەشتا گرێی لەسەر هەڵدەبەسترێ و گرێکان لە



نێوەڕاستی مەودای بەینی دوو دارگوردەوە، بە قوڵفە وەک دوو حەڵقەی زنجیر تێکدەخرێن. ژمارەی گرێکان بە پێی پانی و تەسکیی بەری کرەکە، دەکرێ لە هەشتاوە تا سەد و شەست گرێ بێ. هەر بیست گرێ لەسەر گورد، بە یەک «پێ» دێتە ژمار، و سنووری بەینی دوو «پێ» بە «چارەگ» جیا دەکرێتەوە. چا:«پێ؛ چارەگ».

**گوڵۆڵە guĺoĺa**: ←گڵۆڵە



**گوڵینگە guĺînga**: شێوەیەکی هەڵبەستنی کرە، کە لەم شێوەیەدا ڕیشووەکان بە هەرچەند هەودای بەرابەر جوێ دەکرێنەوە و بنەکەیان دەبەسترێ. [بڕ:وێنەی٩٣]

**گەزی جۆلا gazî coĺā**: «گەز» پێوانەیەکە بۆ درێژایی، لە ناو جۆلایاندا، چوار بست و چوار قامک بە گەزێک دەژمێردرێ، هەروەها جۆلا وەکی بەزاز ئامرازێکی تایبەتی نییە بۆ پێوانی کرەکانی، بەڵکوو هەر بە باڵی خۆی

[51]. سەید کامیلی ئیمامی(ئاوات)١٩٨٢-١٩٠٣؛
بڕوانە: دیوانی ئاوات، لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: سەیید نەجمەددینی ئەنیسی، بڵاوکەرەوەی ڕەهرەو، مەهاباد؟، ل٢٠١

دەپێوێ و ئەوەش هەمیشە زیاتر لە گەزی ئیستانداردە. ◀لە جۆلایی‌دا، پێواوتنی کر بە وردی نەخوێنراوەتەوە و هەمیشە بە زیادەوە دانراوە؛ بۆ نموونە، دارێکی درێژیان هێناوە و بەمچەشنە بۆ گەز کەڵکیان لێوەرگرتووە: مستیان لە جەمسەری دارەکە وەرێناوە و ئەم شێعرەیان برگە برگە خوێندووەتەوە، (لەبێ+ لەجێ+ لەکوێ بووی+ لە چۆمان+ بۆچی+ بۆ گەزی جاوان+ کێ بڕیوێتی+ جۆلا+ ئەلێرەی بگر+ ئەلێرەی ببڕ) و لە هەر برگەدا مستیان گوێستووەتەوە و بە دارەکەدا ڕۆیشتوون، لە دوایین برگەی شێعرەکەدا کە دەڵێ:«ئەلێرەی ببڕ»، نیشانەیان کردووە و بە گەزیکیان داناوە و کریان پێ پێواوە. لەم پێوانەیەدا ئەو کەسەی مستی زەلام بووە، گەزی زیاتری بەرکەوتووە، یا بە پێچەوانە. /«گەزی کوردی». فا.«گز=گەز». ع.«ذرع=زەرع». ◀«بە گەزی جۆلا» واتە: زۆر، پتر لە ڕادەی ئاسایی. □«هەرچی پێیداوی سبەینێ بە گەزی جۆلا لێت دەستێنێتەوە» واتە: سبەی شڵتاغت پێ‌دەکا و پتر لەوەی کە پێیداوی لێتی دەستێنێتەوە. لە گۆرانیی فۆلکلۆردا دەڵێ: «سێ گەز بە گەزی جۆلا باسکم لە گەردنی هاڵێ»، واتە: بە توندی لە ئامێزی دەگرم.

**گەزی کوردی gazî kurdî**: ←گەزی جۆلا

**گەنموجۆ ganmuco**: هەڵبەستنی ڕیشووی کری جۆلایی بە شێوەی هۆندنەوەی باریکەیەک لە حاشیەدا و گرێدانی بنی گوڵینگە.

**لۆکە loka**: بەری گیایەکی کورتە بالای گەلا پانە، ڕەنگی سپییە و بە کلوو یا قۆزاخە لێدەکرێتەوە، لە نێوەڕاستی بەرەکەدا دەنکێکی ورد هەیە کە هەم خۆراکی ئاژەڵە و هەم ڕۆنی لێدەگیرێ. لۆکەی باش و پەسند ئەوەیە کە لیسپی باریک و درێژ بێ، چونکە جوان دەڕێسرێ و هەوداشی قایم دەبێ؛ بە پێچەوانەش لۆکەی خراپ لیسپی ئەستوور و کورتە. لۆکە دوای پاک کردنەوە، بە هەللاج دەکرێ و بە نەڕێسراوی دەخرێتە ناو کەوا و سیخمە و لێفە و دۆشەگ؛ بە خەڕەک دەڕێسرێ و بادەدرێ و جۆلا دەیکاتە «جاو» و «خام» و بە تەنراوی لە لای خمگەر ڕەنگ دەکرێ بۆ جلوبەرگی ژنانە و پیاوانە. بە لەپی دەستیش با دەدرێ و دەپەستێورێ و

دەکرێتە پڵیتەی چرا فتیلە و بە ڕۆن گەرچەک داییسێ.≠«لۆک؛ پەمۆ؛ پەموو؛ پەمبۆ؛ پەنبۆ؛ پەمبە؛ پەمپە؛ پەمە؛ پەمپوو؛ پەنبی؛ پەمبی؛ پەمگ؛ پرتی؛ وڕ؛ حەبی». لە شێوەزاری (یەزدی)دا «لوکە=لووکە lûka»ی پێدەگوترێ.[٥٢] فا.«پنبە=پەنبێ». ع.«قطن=قوتن».

**لە ئاخشەر دان la axšar dān**: ←ئاخشەر دان

**لە کۆل دان la kol dān**: خستنی بووزوو لە ناو دەزگای کۆل، بۆ شەق کردن و لەدەق دانی.



**لیسپ lîsp**: پرزە داوی پەشم، کە وەکی داوی جاڵجاڵووکە زۆر ناسک و باریکە. لە کاتی ڕستندا، ئەو پرزە داوانە لێک دەهاڵێن دەبنە هەودا. ≠«تیسک tîsk[لە دیالێکتی «لەکی و لۆری»دا][٥٣]»، بەڵام لە لەهجەکانی تری زمانی کوردیدا «تیسک» بریتییە لە لزگە یا چەپکێک لیسپ. [بڕ:وێنەی٩٤].



**لێک دروون lek dərûn**: ←پێکەوەدان

**ماشەر māšar**: گولۆڵە بەنی ڕەنگ نەکراوە کە لەسەر ئەژنۆ یا دەزگا، بە شێوەی ڕاست و چەپ هەڵدەکرێ و بەستەی تێدەکرێ تا ئالۆز نەبێ.[بڕ:وێنەی٩٥] ماشەر، ئامادەکردنی بەنە بۆ ڕەنگکردن لە لای خمگەر. [بڕ:وێنەی٩٦]



**ماشەر هەڵکردن māšae haĺkərdən**: کردنی گولۆڵە بەن بە ماشەر، لەسەر ئەژنۆ، یا لەسەر دەزگا. هەڵکردنی ماشەر لەسەر دەزگا، تەنیا بە شێوەی «ڕاستە

---

[٥٢]. بڕ: واژەها و گویش‌های یزدی، ص١۶٠

[٥٣]. بڕ: فرهنگ لکی، ل٣١. هەروەها: فرهنگ لری، ل٣٣

و ڕاست» دەکرێ، بەڵام لەسەر ئەژنۆ بە دوو شێوەی ڕاستە و ڕاست و «ڕاست و چۆپ» ساز دەکرێ. «ڕاستە و ڕاست» بریتییە لە: لێهاڵاندنی بەن، لەسەر دوو ئەژنۆ، بە شێوەی ئاسایی؛ «ڕاست و چۆپ» بریتییە لە: لێهاڵاندنی بەن، لەسەر دوو ئەژنۆ، بە شێوەی (زەربدەر)، واتە دەورێک بە سەر ئەژنۆی ڕاست و دەورێک بە ژێر ئەژنۆی چەپدا. **[بڕ:وێنەی٩٥]**

**مامشەبەقە māmšabaqa:** ←پشت ماسیلکە



97

**مەرەز maraz:** تووکی چەشنێک بزنە، کە لیسپی درێژ و نەرم و قایمە، لە کاری تەنیندا بووزوو و بەرماڵی لێساز دەکرێ و لە کاری چنیندا سەرکڵاوە و گۆرەوی و دەستەوانە و کراسی لێدەچندرێ. هەمووی ئەو بەرهەمە دەستکردانە دەکرێ بە بەنیش دروست بکرێن، بەڵام ئەوەی لە مەرەز بێ، لە جسندا باشترە و نرخیشی زیاتر و پەسندترە. **[بڕ:وێنەی٩٧]**



98

**نانەوە nānawa:** بریتییە لە ڕایەڵکردنی بەن لەسەر کارخانەی نانەوەدا. **[بڕ:وێنەی٩٨]** ئەم دەستە بەنە دوای ڕایەڵکردن، لە کارخانە جوێ دەکرێتەوە و دەبێتە تروندە. ◄«جاجم نانەوە»، واتە: بێکارە بوون، یا بە کاری بێهوودە ڕابواردن. □«فلانە کەس جارێ خەریکە جاجمی دەنێتەوە.» واتە: هێشتا دانەمەزراوە و جارێ بێکارە.

**نوێردە کردن nuwerda kərdən** ←پێکەوەدان

**نیو پێ nîw pe:** ئەندازەیەکی درێژایی‌یە بە مەودای دە گرێی بەنگورد لەسەر دارگورد. چا:«پێ».

**وێنە لەبەر گرتنەوە، wena la bar gərtnawa**: لە پێش خۆ دانانی نەخشێکی پێشتر چنراو و چنینەوەی سەرلەنوێی. /«وێنە لە ڕوو هەڵگرتنەوە».

**وێنە لە ڕوو هەڵگرتنەوە، wena la ŕû haĺgərtnawa**: ←وێنە لەبەر گرتنەوە



**هەڵبەستن haĺbastən**: کاتێک جۆلا کرەکە تەواو دەکا و دەیبڕێ و لەسەر دەزگای لادەبا، ڕایەڵەکە هەندی بستێک بە زیادەوە دەبڕێ، تا دوایە ئەو بەنە زیادییە بە مەودایەکی هاوئەندازە و ڕێک، ببەسترێ تا «پۆ»یەکان شل نەبنەوە و دەرنەکێشرێن.

**[بڕ:وێنەی٩٩]** هەڵبەستنی جاجم و بەرماڵ و پۆپەشمین کارێکی ژنانەیە. هەڵنەبەسترانی کر، نیشانەی نوێ بوونێتی، کەوایە پەسند نییە لە لای جۆلا هەڵبەسترێ و بچتە بازاڕ، بەڵکوو کڕیار بە هەڵنەبەستراوی دەیکڕێ و خۆی لە ماڵ هەڵیدەبەستێ، یا دەیدا بە شارەزایەک تا بۆی هەڵبەستێ. هەڵبەستنی کر بە شێوەگەلی «گوڵینگە»، «زنجیرە»، «گاوگێرە/بنگرێ» و «گەنموجۆ»ئەنجام دەدرێ. (تێب.): بادانی ڕیشووی دەورانبەری پێچی پیاوانیش «هەڵبەستن»ی پێ دەگوترێ و کارەکە بریتییە لە «پێچ بادان» یا «پێچ هەڵبەستن».

**هەودا hawdā**: ←تان

## (C) وشە و کەرەستە و زاراوەکانی پێوەندیدار بە جۆڵایی

**با bā**: یەک کەڕەت سووڕاندنی تەشی بە زەبری نێوان لەپی دەست و ڕان، تا ڕاوەستانی تەشی. □«بەن بە یەک **با** خاو دەبێتەوە، **با** یەکی دیکەشی دەوێ».

**بادان bādān**: لە دەوری یەک هاڵاندنی دوو لۆی بەن بە تەشی، بە پێچەوانەی نەزمی ڕیسەکە؛ واتە ئەگەر بەنەکە بە لای چەپدا ڕێسرابێ، لە باداندا ئەشێ بە ڕاستدا بادرێ، هەروەها ئەگەر بەنەکە بە لای ڕاستدا ڕێسرابێ، ئەشێ لە باداندا بۆ لای چەپ بابدرێ.(تێب.): ئەگەر نەزمی ڕیسەکە و بادانەکە هەر دوو بۆ یەک لا بێ، ئەوە ڕیسەکە خاو دەبێتەوە. کەوایە نەزمی ڕستن و بادان پێچەوانەی یەکترن. بە بادانی بەن، کاری ڕستن دوایی دێ و بەن ئامادە دەبێ بۆ ڕایەڵ کردن لەسەر دەزگای جۆڵایی، یا کردنی بە ماشەر و ناردنی بۆ لای ڕەنگرێز. لەم قۆناغەدا ئەگەر بەن زیاتر لە ڕادەی پێویست بادرێ «گشت» یا «کرژ» دەبێ، و ئەگەر کەمتر لە ڕادەی پێویست بادرێ «خاو» دەبێ. ◄«بەنی کەسێک پێ بانەدران» بە مانای دەرەقەت نەهاتنە لە مەکر و فێڵدا، وەک: □«من بەنی تۆم پێ بانادرێ»، واتە: تۆ زۆرزان و حۆقەبازی و من لەم بارەوە دەرەقەتت نایەم. تەشیڕێس بۆ بادانی بەن دەچێتە سەر شوێنێکی بەرزی وەک سەربان و لەوێڕا تەشییەکە شۆڕ دەکاتەوە تا لە هەر کەڕەتێکدا بتوانێ هەودایەکی درێژتر بادا. لە بیروباوەڕی ڕەمەکیدا دەڵێن: تا تەشی زیاتر شۆڕ بێتەوە و هەودا درێژتر بێ، گوناهی پتر پێ‌هەڵدەوەرێ.

□ئەوەی گەر تۆ نەناسێ بێ‌نەوایە
لە زانستا گەلێ ناشارەزایە
کە بیرێکی وەکا لەو تان و پۆیە

دەزانێ بادراوی ئەو بە تۆیە.[٥٤]

□ئەڵێم ئەوجار ناوت بێنم
ئەوجار ئەڵێم بتناسێنم
پەردە لە چرووچاوت لادەم
بەڵکوو ئاوا بەنت بادەم.[٥٥]

**باریکان bārîkān**: خوری یا مەرەزێک کە باریک ڕسترابێ.

**باریکان ڕستن bārîkān ŕəstən**: باریک ڕستنی خوری یا مەرەز. (تێبـ.): باریک ڕستن تایبەتی کاری دانستە و بەنرخە، وەک بەرماڵی مەرەز یا ڕانک و چۆغە. لەم کارەدا، تەشیڕێس دەنکێک زەنگیانە یا پووڵەکەیەک بە سەرەتای هەوداکەوە دەکا و تا دوایی‌ی کارەکە بە پتە لەگەڵ خۆی دەیبا، تا سەرجەمی ڕیسەکە بە یەک ئەندازە بێتە دەر. تەشیڕێس بۆ ڕیسی باریک، پتە توندتر دەگوشێ و بە پێچەوانەش بۆ ڕیسی نە زۆر باریک، پتە شلتر دەگوشێ. چا:«پتە لێکوشین». ◀ «باریکان ڕستن»، کینایەیە لە زۆر ورد بە ناخی قسە و باسدا چوونە خوار، بە نیازی بیانوو لێوەدەست خستن.

**بڕینەوە bəŕînawa**: هەڵپاچینی پەشم و مووی ئاژەڵ بە «بڕینگ» یا مەکینەی تایبەت.

**بندانەوە bəndānawa**: لێک بڵاوکردنەوەی پەشم یا لۆکە بە دەست، و جیاکردنەوەی کرێژ و دڕک و داڵ و ئەو ملۆزمانەی کە لە کاتی ڕستن، تەنین یا چنیندا دەبنە دلۆ و هۆی ناحەز بوون یا خراپ بوونی دەزوو.




**بنۆک bənok**: پەشمی ئاژەڵ لە کاتی بەشانە کردندا، لێک دەپشکنرێ و ئەو بەشەی کە لیسپی کورتە بە بنی شانەوە

[٥٤]. مێژووی ژیان.

[٥٥]. کاروانی خەیاڵ، بەشێک لە هەڵبەستەکانی خالد حسامی(هێدی)، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەددینی ئەییووبی، چاپی یەکەم، ورمی، ١٣٦٤، ل١٧٨

دەمێنێ، [بڕ:وێنەیA۱۰۰] لێدەکرێتەوە و بە «خاوک» دەڕێسرێ بۆ تەنینی شتی قولۆر یا لەجێی پەڕۆ و پاڵ دەخرێتە ناو دۆشەگ و دۆشەگەڵە. چا:«خاوک؛ سەرۆک؛ لیسپ».

**بە تەشیڕێس‌دان ba tašîŕesdān**: دانی خوری یا مەرەز بە کەسێک، بۆ ڕستن، لە بەرامبەر مزە و حەقدەستێکی دیاریکراودا. [بڕ: تەشیڕێس]

**بەرگن bargən**: تووکی بەرخە لە بڕینەوەی یەکەمجاریدا. سەبارەت بەوە کە لیسپی کورتە، ناڕێسرێ، تەنیا دەشۆرێ و بەشوو دەکرێ و «لباد» و «پەستەک» و «کەپەنک»ی لێدروست دەکرێ. ≠«لوا».




**بەرەتەشی baratašî**: پارچە دارێک یا کانزایەکە بۆ قورس کردن و لەنگەر ڕاگرتنی تەشی، وەسەر کلکی تەشی دەخرێ. [بڕ:وێنەی۱۰۱] تەشی لە سەرەتای کارکردندا، کە هێشتا بەنی لەسەر کۆ نەبووەتەوە و بەتاڵە، سووکە و لە سووڕاندا قۆرتە دەکا و بەنەکە دەپسێنێ؛ بەنی ڕێسراو کە لەسەر تەشییەکە خڕ بۆوە و لەنگەری تەشی ڕاوەستا، ئیدی پێویست بە بەرە تەشی نییە.

**بەرەتەشی لێکردن baratašî lekərdən**: بەرەتەشی وەسەر تەشی خستن.




□«ئەو بەرەتەشییەم لێکردووە هەتا تەشییەکە قۆرتەی نەکا».

**بەشانەکردن bašānakərdən**: کردنەوە و لەبەر یەک پشکنینەوەی پەشمی ئاژەڵ بە هۆی ئامرازی «شانە».[بڕ:وێنەی۱۰۲] بەشانە کردن کارێکی ژنانەیە و لەم پشکنینەوەیەدا سەرۆک و بنۆکی پەشم لەیەک جیا دەکرێنەوە. چا:«سەرۆک؛ بنۆک». (تێب.): لە بەشانەکردن‌دا، پنجێک خوری بە

دەستەوە دەگیرێ و لەسەرڕا بە دەرزییەکانی شانە دادەدرێ و بە توندی دەست بۆ لای ڕاست و چەپ دەکێشرێ؛ لەم پێدادانەدا وا هەیە کە قامک بکەوێتە سەر دەرزی و بریندار بێ. ◀لە بیروباوەڕی ڕەمەکیدا بۆ سارێژ کردنی برینی شانە، کرێژی خورییەکە، کە لە دەورانبەری شانە ڕژاوە، دەخەنە سەر برین.



**بەشوو کردن bašû kərdən**: بە شوولک لێدانی کوڵکە و پشکنینەوەی لە جیاتی بەشانە کردن. [بڕ:وێنەی١٠٣] (تێبـ.): هەندێ تووکی وەک «بەرگن»، «ڕۆنگ»، «کووروو» کە بە هۆی زۆر ناسک و زەریف بوون، یا کورت بوونی لیسپ، وەبەر شانە نایەن، لە شوێنێک کۆ دەکرێنەوە و بە شووڵ لێیان دەدرێ تا بپشکنرێن.

**بەن بادان ban bādān**: ←بادان

**بەن هەڵکردن ban haĺkərdən**: ←هەڵکردن

**بە نیوەڕێس دان ba nîwaŕes dān**: دانی خوری یا مەرەز بە کەسێک، بۆ ڕستن، لە بەرامبەر مزە و حەقدەستی نیوەییدا. [بڕ: تەشی‌ڕێس؛ بە تەشی‌ڕێس‌دان]



**پتە لێکوشین pəta lekušîn**: ڕادانی خوری لە مابەینی قامکی شادە و قامکە گەورەدا، لە کاتی خول‌خواردنی تەشی. [بڕ:وێنەی١٠٤] (تێبـ.): تەوژمی نێوان ئەو دوو قامکە تا پتر بێ، ڕیس باریکتر دەردێ. □«پتەی لێ‌مەکوشە با ڕیسەکە زۆر باریک نەبێ».

**پشکنینەوە pəškənînawa**: لێک بڵاوکردنەوەی پەشم یا لۆکەی پەستێوراو، بە دەست یا بە شانە.

**پنج pənc**: ئەو بەشە خوری یا مەرەزە کە شۆرابێ و پشکێنرابێ، بەڵام هێشتا بەشانە نەکرابێ. □«پنجێکم لەو خورییە بدەیە با بەشانەی کەم».




تــــاوولوێ كـــــردن **tāwulue kərdən**: ←هه‌ڵكردن

**ته‌شی taŝî**: ئامرازێكه له دار، بریتییه له كلك A و سه‌لك B و نووك C، كه خوری و مه‌ره‌ز و موو و لۆكه‌ی پێ ده‌ڕێسرێ و ده‌كرێته هه‌ودا. **[بڕ:وێنه‌ی١٠٥]** ≠«ته‌ش؛ جیكنه؛ چریغ؛ چیكن؛ خه‌ڕه‌ك؛ دووخ؛ دووك؛ دووكه‌ك؛ دویك؛ دیفك؛ كلافه؛ لۆته‌ر؛ له‌ته‌ره؛ له‌ته‌رێ؛ نه‌ته‌ره؛ دیك[له دیالێكتی «لوڕی»دا][56]». له زمانی (گیله‌كی)دا «تشی=ته‌شی taŝî»[57] و له شێوه‌زاری (یه‌زدی)دا «اشتی=ئێشتی eŝtî»[58] پێده‌ڵێن. فا.«دوك=دووك؛ كرتلا=كه‌رتلا». ع.«مغزل=میغزه‌ل». ◀له مه‌ته‌ڵی كوردی‌دا ده‌ڵێ: «ئه‌وه چێ، چنارێكه و سه‌ربانێكه و گۆچانێكه؟ [ته‌شی]»[59]؛ «كلكی له داره، ئاڵقه‌ی لێبزماره، په‌تكی هه‌وساره! [ته‌شی]»؛ «دار له داری، په‌تك هه‌وساری، ئاسن له زاری! [ته‌شی]»[60]. له په‌ندی پێشینانی لوڕی‌دا ده‌ڵێ: «دۆخته‌ر د دیكڕشته وا دا به‌ره»، واته: كچ له ته‌شی‌ڕستن‌دا وه‌ك دایكی خۆی ده‌چێ.[61]




**ته‌شی ڕستن taŝî ŕəstən**: له ده‌وری یه‌ك هالاندنی لیسپی خوری و مه‌ره‌ز به ته‌شی و كردنی به هه‌ودا، كه كارێكی ژنانه‌یه. **[بڕ:وێنه‌ی١٠٦]** ≠«دیكڕشته[له له‌هجه‌ی «لوڕی»دا]». (تێبـ.): خوری یا مه‌ره‌ز، تا ده‌گاته ئه‌وه‌ی بڕێسرێ، ئه‌شێ له په‌ز یا بزن ببڕدرێته‌وه، بشۆرێ، وشك

---

٥٦. بڕ: فرهنگ لری، ل٦٣

٥٧. بڕ: فرهنگ گیل و دیلم«فارسی-گیلكی»، محمود پاینده لنگرودی، انتشارات امیركبیر، چاپ دوم، تهران ١٣٧٥

٥٨. واژه‌ها و گویش‌های یزدی، ص١١

٥٩. هه‌ته‌ڵه‌ی كوردی، ل١٢

٦٠. هه‌ته‌ڵه‌ی كوردی، ل١٢

٦١. بڕ: داستان‌ها و زبانزدهای لری، ص٦٠

بکرێتەوە، بنی بدرێتەوە، بپشکنرێتەوە، بکرێتە هۆرپە، هۆرپەکە هەڵوێزنرێ، بەرە بەرە لە مەچەک بهاڵێنرێ، ئەمجار هەودا هەودا بڕێسرێ و لە دوایین قۆناغدا بادرێ. ئەو کوڵکانەی کە بە تەشی دەڕێسرێن بریتین لە: خوری، مەرەز، کووروو، موو، لۆکە، تووکی کەروێشک، تووکی وشتر، ڕۆنگ.

□تاییکی ڕیشەیی دڵ بە نووکی غەمزەدا دا
دەستێکی بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا
نافەی گوڵی بە دەرکەوت[٦٢] عەتری بە دەم سەبا دا
باریک و لووس و نازگ وەک زولفی خاوی بادا
وەک شاخی گوڵ بەلادا، شیرین تەشی دەڕێسێ.[٦٣]

◀ «تەشێ تەشمەتۆرێ، بە حەوت ساڵان لینگێک گۆرێ، ئەویشم لێدەخەنە تەندوورێ»، دایک بە کچۆڵەی تازەکار دەڵێن، کە خۆیان فێری تەشیڕستن دەکەن؛ واتە: خوریەکەم لێخەسار مەکەن و لێر و لەوێ فڕێی مەدەن. زاراوەی «ڕستن» بە مانای «زۆر بلێیی و زۆر قسە کردن»ە □«مەیڕێسە»، واتە: هێندە قسە مەکە، بێدەنگ بە. کینایەی «تەشی لەبەر ڕستن» بە مانای «جاملووسی و ماستاوکەری»یە. □«تەشی لەبەر دەڕێسێ»، واتە: کلکە سووتەی لەبەر دەکا، خۆی لە لا شیرن دەکا.

□تا بژیوێکی بە دەست بێنی بە ڕۆژ و شەو برا
بۆ تەشی ڕستن لە بەر ئەم خەڵکە نەسرەوتی ئەتۆ.[٦٤]

**تەشی ڕێس taši řes**: ١-ئەو کەسە کە تەشی دەڕێسێ. ◀«تەشیڕێس ئەگە تەشیڕێس بێ، بە کلکی کەرێش دەتوانێ بڕێسێ»، واتە: کەسێکی کارامە و لێزان بێ، لە ئەنجامدانی کارەکەدا بیانوو ناهێنێتەوە. ٢-مزە و حەقدەستی ڕستنی تەشی. ◀«ئی خۆی دەدا بە تەشی ڕێس، ئی خەڵکی وەردەگرێ بە نیوەڕێس»، واتە: خوری خۆی دەدا بە حەقدەستی تەواو

---

[٦٢]. زۆربەی سەرچاوە دەستنووسەکان: «عەیان بوو».

[٦٣]. دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیا ری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٩٢-١٩٣

[٦٤]. مامۆستا مەلا کەریمی هونەرمەند (فیدایی)، دیوانی «دەسدێن»؛ دەستنووس.

بۆی بڕێسن، کەچی خوری خەڵک وەردەگرێ و بە نیوە حەقدەست بۆیان دەڕێسێ؛ کینایەیە لە کار و زەحمەتێک کە ئاکامەکەی بێهوودە و مایە باش بێ، یا تەنانەت زیانی هەبێ.

□تەشیڕێسی باش بە کلکی کەرێ
تەشی دڕێسێ، ناڵێ: ناکرێ![65]

□من تەشی ڕێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆ چیە
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ.[66]

**تیژەخوری tîjaxurî**: ←سەرۆک

**تێکەڵ کردن tekaĺ kərdən**: ←لێکدان




**چەپک čapək**: پنجێک خوری یا مەرەزی بەشانەکراو. □«ئەو چەپکانەم بۆ بکە هۆرپە، تا بیانڕێسم». [بڕ:وێنەی١٠٧]

**خاوپەڕ xāwpaŕ**: بەنی نیوە خاوی تا ڕادەی پێویست بانەدراو.

**خاوک xāwək**: ئەو ڕیسەی کە لە بنۆک ساز دەکرێ و لە بەر ئەستووری بەکاری جۆلایی یا چنین نایە، بەڵکوو دەکرێتە «گوریس»، «سێتا، کە بەنێکە بە سێلۆ بادرابێ»، «گوێلەوسار»، «تێڕ»، «جەواڵ»، «فرێت، کە بەنێکی ئەستوورە و بۆ ڕایەڵی بەڕە کەڵکی لێوەردەگیرێ» و شتی لەم بابەتە. هەروەها دوو چەشن بەڕەشی لێساز دەکرێ کە بریتین لە: «بەڕەی نەخشین یا گوڵ سنۆبەر»، «بەڕەی تەشبیگوڵ» کە ئەمەیان لە بەڕەی نەخشین ماقووڵترە و دەکەوێتە هەنگاوێک خوارووی فەڕش.

**خوری شوشتن xurî šuštən**: شوشتن و خاوێن کردنەوەی پەشمی ئاژەڵ و ئامادە کردنی بۆ ڕستن یا دەکار هێنان. شوشتنی خوری زۆرتر کارێکی

---

[65]. دیاری نوێ، ل٦٦
[66]. مامۆستا هێمن ١٩٢١-١٩٨٦؛ پارچەی «فرمێسکی ڕنوو»،
بڕ: بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، بە سەرپەرشتیی: بەدران ئەحمەد/عوسمان دەشتی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠٠٣، ل٢٦٤

ژنانەیە، کە لەسەر کانی یا دم چۆم، بە کوتەک ئەنجام دەدرێ. ◀«خوری شۆر» ئاماژەیە بە لێدانی توند و بە زەبر؛ □«گرتم خوری شۆر لێم دا»، واتە: گرتم لێدانێکی توند و لە زەبرم لێ دا.

**ڕستن: ŕəstən**: ←تەشی ڕستن

**ڕۆنک ŕonk**: ←ڕۆنگ

**ڕۆنگ ŕong**: ئەو پەشمەیە کە بۆ جاری دووەم لە دابەستە بڕدرابێتەوە، کە نە (بەرگن)ە و نە (خوری)یە. یەکەمجاری بڕینەوەی بەرخ، «بەرگن»ە، لە دووهەمجاردا کە حەیوانەکە «ڕەتەوی»یە، واتە نە بەرخە و نە کاوڕە، تووکەکەی «ڕۆنگ»ە. ڕۆنگ سەبارەت بەوە کە لیسپی درێژ نییە، بە شانە ناکرێ، بەڵام بەشوو دەکرێ و دەڕێسرێ و تێڕ، جەواڵ، گوریس، دمبێنی مەشکە، دەسبێن و ئەو چەشنە شتانەی لێساز دەکرێ؛ هەڵبەت چونکە لیسپی کورتە، ڕستنی زەحمەتە و کەمتر دەڕێسرێ، بەڵکوو دوای شوشتن و بەشوو کردن، زۆرتر بۆ نێو لێفە و دۆشەگ کەڵکی لێوەردەگیرێ. /«ڕۆنک».




**سریلە sərîla**: گرمووڵەی خوری، کە لە کاتی بەشانە کردندا لەگەڵ بنۆک بە بنی شانەوە دەمێنێ. ئەگەر سریلە بکەوێتە ناو سەرۆک، لە وەختی ڕستندا دلۆ دەخاتە نێو ڕیسەکە و خراپی دەکا. **[بڕ:وێنەیA-١٠٨]**




**سەرۆک sarok**: پەشمی ئاژەڵ لە کاتی بەشانە کردندا، لێک دەپشکنرێ و ئەو بەشەی کە لیسپی درێژە بە سەری شانەوە دەمێنێ و لێدەکرێتەوە و دەڕێسرێ بۆ تەنینی شتی زەریف و بایداری وەک بەرماڵ، جاجم، پۆپەشمین، بووزوو؛ یا چنینی سەرکڵاوە، گۆرەوی، کراس، دەستەوانە. /«تیژەخوری». چا:«لیسپ؛ بنۆک». **[بڕ:وێنەیA-١٠٩]**

**سەلکەتەشی salkatašî**: پارچە دارێکی خڕە، نێوەڕاستەکەی کون کراوە و دەسەری کلکەتەشی خراوە و دەبێتە هۆی ئەوە کە تەشی بە دەوری خۆیدا بسووڕێ. [بڕ:وێنەی‌B-١٠٥] ◄گیانلەبەری ملباریک و سەر زل بە سەلکەتەشی دەشوبهێنرێ.


110

**شانە šāna**: ئامرازێکە لە دار، کە دوو دەستە شیشی نووک تیژی لە گوێن «شووژن»ی بە قیتەوە لە سەر دامەزراوە و بنی دەرزییەکان بە سیرمە بەستراوە و پەشمی ئاژەڵی پێ دەپشکنرێ.

[بڕ:وێنەی١١٠]


111

**قانگڵە qāngĺa**: ئەو بەشە بەنەی کە لەسەر قامک هەڵدەکرێ. [بڕ:وێنەی١١١و١١٢]

□«قانگڵەیەکم دەزوو بۆ بێنە».


112

**قانگڵە کردن qāngĺa kərdən**: هەڵکردنی بەشە خوریی ڕێسراو لە سەر قامکی دەست، بەر لەوەی لەسەر تەشییەکە هەڵبکرێ. [بڕ:وێنەی١١٣]


113

**کرێژ kəŕej**: بریتییە لەو چڵک و چەورییەی کە بە خوورییەوە نووساوە و لە کاتی بەشانە کردندا هەڵدەوەرێ و لە دەوری شانە کۆ دەبێتەوە؛ ڕەنگ قاوەیی و وردە و لە تووتن دەکا.

**کلکەتەشی kəlkatašî**: ئەو بەشە لە تەشییە کە ڕیسی لەسەر هەڵدەکرێ، و بریتییە لە دارێکی باریکی لووس، کە بنی ئازادە و سەری چووەتەوە ناو سەرەتەشی. [بڕ:وێنەی‌A-١٠٥] ◄ گیانلەبەری کز و لاوازی پێدەشوبهێنرێ. □«دەڵێی کلکەتەشییە»، واتە: زۆر لاوازە.

**کلوو kəlû, klû**: ←هۆرپە

**کلوو کردن kəlû kərdən, klû kərdən**: ←هۆرپە کردن

**کووروو kûrû**: تووکی نەرمی بن مووی بزن، کە بە شانەی دەنک درشت لە بنی موو دەردەکێشرێ و دەڕێسرێ. کووروو بە هۆی نەرمی و ناسکی، لە کاری جۆلاییدا کەڵکی لێوەرناگیرێ، بەڵام بە سەرکڵاوە و گۆرەوی و دەستەوانە دەچندرێ. بە شانەش ناکرێ و سەرۆک و بنۆکی نییە؛ دەشۆرێ، وشک دەکرێتەوە، بەشوو دەکرێ و دەڕێسرێ و خۆڕەنگە. ≠«کیرک kîrək[لە دیالێکتی «لوڕی»دا][67]». فا.«کرک=کۆرک» چا:«بەشوو کردن».



**گڕگە gəŕga**: وەدەرکەوتنی ڕایەڵ بە نێوان «پۆ»دا، بە هۆی لە باڵیەک پەستێوراوی و چڕی. (تێبـ.): ددانیش کە بە هۆی درشتی و زەقی بە نێوان لێودا وەدەر کەوێ، پێی دەڵێن «گڕ»؛ گڕگەش لە تەنراودا دیمەنی هەر وەکوو ئەو ددانەیە کە زەق بووبێتەوە و بە مابەینی لێودا هاتبێتە دەر.[68] [بڕ:وێنەیA-١١٤]

**لێکدان lekdān**: پێکەوە لەسەرڕا بە شانە کردنی دوو ڕەنگ خوری یا مەرەزی بە شانە کراو، بۆ ساز کردنی ڕەنگێکی نوێ. کەوایە ڕەنگی لێکدراو، خۆڕەنگێکی ساز کراوە. (تێبـ.): مەرەزی بە شانە کراوی ڕەش و سپی، سەرلەنوێ بە شانە دەکرێتەوە و دەبێتە «شینکی»؛ ڕەش و سوور دەبێتە «گرژاڵی»؛ سپی و سوور دەبێتە «سپات» واتە «کرێمی». چا:«خۆڕەنگ».

**موو mû**: تووکی بزنە موو، کە لە جۆلاییدا دەکار ناکرێ، ڕەنگ ناکرێ و خۆڕەنگە، ڕەنگەکانی موو بریتین لە: ڕەش، سپی، سوور، شینکی،

---

[67]. بڕ: فرهنگ لری، ل١١٩

[68]. مامۆستا قادری فەتتاحی قازی ئەم وشەیەی بە شێوەی «گرگە gərga » تۆمار کردووە. بڕ: صنعت جولایی، ص٧٨

خورمایی، نەباتی و زەرد. وەکی خوری دەشۆرێ و بەشانە دەکرێ و سەرۆک و بنۆکی لێدەگیرێ و دەرێسرێ و «گوریس» و «دەوار»ی لێساز دەکرێ؛ بەڵام ئەگەر هەودایەک موو و هەودایەک بەن، بە تاوولوێ هەڵکرێ و بادرێ، شتی زەریفتری وەک «کەژوو»، «قەیاسە»، «دەسرازە»، «زارمبێنی مەشکە» و «دەسبێن»ی لێدەهۆنرێتەوە.

**نووکەتەشی nûkatašî**: بزمارێکی باریکی سەر خوارە، لە سەلکی تەشی دادەکوترێ تا هەودای ڕیس ڕابگرێ. [بڕ:وێنەی١٠٥-C] ◄«نووکەتەشی ساز کردن»: بریتییە لە هاتوهوریای زۆر کردن بۆ ئەنجامدانی کاری بچووک و کەم بایەخ.

**نیوەڕێس nîwaŕes**: چەشنێک مزە و حەقدەستی ڕستنی تەشی. [بڕ: تەشیڕێس؛ بە تەشیڕێس دان؛ بە نیوەڕێس دان].



115


116

**هۆرپە horpa**: بەن یا هەر شتێکی کە درێژکوولە پێچرابێتەوە، نەک بە گۆ. [بڕ:وێنەی١١٥-A]/«کلوو».
چا:«هەڵوێزنان».

**هۆرپە کردن horpa kərdən**: لوولە کردنی خوری یا مەرەزی بەشانە کراو و ئامادە کردنی بۆ ڕستن؛ هەروەها پێچانەوە و هەڵکردنی هەر شتێک بە شێوەی درێژکوولە، نەک بە گۆ. [بڕ:وێنەی١١٦] /«کلوو کردن». چا:«هەڵوێزنان».

**هەڵکردن haĺkərdən**: کاتێک کاری ڕستنی دوو تەشی تەواو دەبێ، تەشیڕێس هەر دوو تەشی لە پەنای خۆی دادەنێ و سەری هەودای هەر دوو ڕیس دەگرێ و وێکڕا سەرەتا لەسەر قامکەکانی هەڵیدەکا و ئەمجار لە قامکی دادەماڵێ و وەکوو گۆیەکی بچووک بە دەستییەوە دەگرێ و هەروا لەسەر گۆیەکەی زیاد دەکا تا ڕیسی هەر دوو تەشی تەواو دەبێ و بەنەکە دەبێتە گلۆڵە؛ بەم کارە

دەڵێن «هەڵکردن». لە هەڵکردندا بەن دەبێتە دوو لۆ و ئامادە دەبێ بۆ «بادان». /«تاوولوێ کردن». □«ئەو تەشییانەم بۆ تاوولوێ کە». ◄ باوەڕی ڕەمەکی وایە کە، بەن لەسەر هەر شتێک هەڵکرێ، لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێ ئەو شتە بخورێ. هەر بۆیە ژنان هەوڵ دەدەن بەن لەسەر کاغەزی پێچراوە و لەتکە تەختە و دار و بەرد و... هەڵنەکەن. بەر لە هەڵکردنی بەن، وەکوو پشک، هەر دوو تەشی بە ناوی دووکەسەوە نێودێر دەکەن، هەر کەسە تەشی خۆی دەناسێتەوە، لە دوایيدا تەشییەک زوو تەواو دەبێ و تەشییەک لەسەری دەمێنێ، ئەوەی لەسەری دەمێنێ، گران و سەنگینترە لەوی دی.



**هەڵوێزنان haĺweznān**: لە ئامادەکردنی خوری یا مەرەزی بەشانەکراو بۆ ڕستن، دوو کەس هاوکاری دەکەن بەو چەشنە، کە یەک دەیکاتە هۆرپە و یەکیش لە بەرەوە هۆرپەکە هەڵدەوێزنێ، واتە سەری هۆرپەکە دەگرێ و بە میزانێکی نە زۆر ئەستوور و نە زۆر باریک ڕایدەکێشێ و لە تەشی دەهاڵێنێ تا پاشان تەشیڕێس بیڕێسێ. [بڕ:وێنەی١١٧]

## (D) کرەکانی جۆلایی

ئەو کرانەی بە دەزگای جۆلایی دەتەنرێن بریتین لە:


118

**بووزوو bûzû:** یەکێک لە کرەکانی جۆلایی‌یە کە تایبەتی جلوبەرگی پیاوانەیە و خەیات ڕانک‌وچۆغەی لێ‌ساز دەکا، کە فێنکە و زیاتر هاوینان دەبەر دەکرێ. [بڕ:وێنەی١١٨] بووزوو لە بەنیش ساز دەکرێ، بەڵام بووزووی پەسند ئەوەیە کە لە مەرەز بێ. مەرەز وەکی بەن لە لای ڕەنگرێز ڕەنگ ناکرێ، بەڵام بە «ڕۆنیاس»، «توێکڵە گوێز» و «ئاخشەری یۆنجە» هەندێ دەسکاریی ڕەنگی دەکرێ؛ هەروەها بە «لێکدان»ی دوو ڕەنگ مەرەزیش ڕەنگێکی نوێ ساز دەکرێ. مەرەزی ڕێسراو بۆ بووزوو، لە کاتی ڕایەڵ کردندا دەبێ بەرەبەرە گلۆڵەکەی لە چرێش هەڵبکێشرێ تا خۆڕاگر و شەق بێ. تەنینی بووزوو لە کاری جۆلاییدا جیاوازی لەگەڵ کرەکانی پێشوو هەیە و گورد و شەی تایبەت بە خۆی دەخوازێ، کە بچووکترە و ئەشێ گورد و شەی دەزگا بگۆڕدرێ. ئەگەر دەفەی دەزگاش قورس و گەورە بێ، ئەشێ بگۆڕدرێ و دەفەی سووکتری وەسەر خرێ، چونکە بەنی بووزوو یەک هەودا و ناسکە و لەوانەیە بە زەبری دەفە بپسێ. بووزوو هەر یەک تەختەیە و بە درێژایی بیست گەز بە سەریەکەوە دەتەنرێ، پاشان بۆ ساف کردن لە «کۆل» دەدرێ. ڕەنگە پەسندەکانی بووزوو بریتین لە: ڕەش، سپی، سوور، شینکی، نەباتی، گرژاڵی، سوورگوێز، سپات. بووزوو چونکە هیچ نەخشێکی لەسەر نییە، پێی دەڵێن ساکار، بەڵام دەکرێ لە ڕایەڵدا خەتی تێباوێژرێ، کە ئەودەمیش هەر بە ساکار دەناسرێ. لە کری

ساکاردا، لە سەرەتاوە تا دوایی هەر بە یەک مەکووک کار دەکرێ. بۆ تەنینی بووزوو ئەشێ گوردەکان دوو بە دوو لێک ببەسترێن، واتە دوو گورد کاری یەک گورد بکەن، و دوو پێتاتەش وەلا بنرێ.


119

**بەرماڵ barmāĺ**: کرێکی دوو تەختەیی‌یە، بە درێژاییی گەز و نیوێک تا دوو گەز ساز دەکرێ و تەنیا بۆ نوێژ لەسەر کردنە. [بڕ:وێنەی۱۱۹] وێنەی پەسند و تایبەتی بەرماڵ، «کەشکۆڵ»ە، کە «میحراب»یشی پێ‌دەگوترێ. ئەندازەی بەرماڵ زۆرتر بە کەشکۆڵ حیساب دەکرێ، واتە بەرماڵی بچووک یەک کەشکۆڵ، بەرماڵی مامناوەندی دوو کەشکۆڵ و بەرماڵی گەورە و تەواو سێ‌کەشکۆڵی تێدایە.


120

[بڕ:وێنەی۱۲۰] بەرماڵ هەمیشە دوو ڕەنگی تێدا دەکار دەکرێ کە یەک لەو دوو ڕەنگە دەبێ سپی بێ، وەک سپی و ڕەش، سپی و سوور، سپی و نەباتی. پەسند وایە کە ڕەنگی سپی بکەوێتە تەختی بەرماڵ. ◄ «بەرماڵ لەسەر ئاو گەڕان»، واتە: زۆر مسوڵمان و بە دین بوون.[بە تەشەر] □«بەرماڵی لەسەر ئاوێ دەگەڕێ.» ≠«جانماز؛ جانوماز؛ جارماز؛ دووگرد؛ دووگورد؛ دووگور؛ مازلۆخ؛ پێشماڵ؛ دووگوردی؛ شەمڵ؛ شەڤل؛ شەملک؛ ڕووخست». فا.«جانماز = جانەماز؛ تسلیخ = تەسلیخ؛ تشلیخ = تەشلیخ». ع.«سجادە = سەججادە».


121

**پۆپەشمین popašmîn**: کرێکی تەنک و ناسکی چوار تەختەیی‌یە بەدرێژاییی دوو گەز و چارەگێک، واتە دوو میتر و بیست و پێنج سانت، یا لانی‌کەم دوو میتر. بۆ فێنکی و نوستنی هاوینان ساز دەکرێ. [بڕ:وێنەی۱۲۱] پۆپەشمین ڕەنگی سپی و

نەخشی ساکار و کرەکەی شاشە، [بڕ:وێنەی١٢٢] کەوایە ئەویش وەکی بووزوو لە سەرجەمی کارەکەدا هەر یەک مەکووکی دەوێ. هەندێ جار بۆ جوانی هێلی ڕەنگاوڕەنگی لە کانوا تێدەخرێ. لە تەنینی پۆپەشمینیشدا هەر وەک بووزوو


122

گوردەکان دوو بە دوو لێک دەبەسترێن و دوو پێتاتەش لەکار دەخرێن؛ هەروەها چونکە بەنی ئەویش ناسک و یەکهەودایە، ئەشێ دەفەی سووکی بۆ دەکار بکرێ. ≠«پووپەژمین؛ سەرئەناز». فا.«شمد = شەمەد؛ دامک = دامەک».

**جاجم cācəm**: کرێکی چوار تەختەیە بە درێژایی دوو گەز و چارەگێک، واتە دوو میتر و بیست و پێنج سانت. نوێنوبانی تێوەدەپێچرێ و بە دیواری وتاغەوە هەڵدەپەسێردرێ بۆ پشت وێدان. [بڕ:وێنەی١٢٣] پێنج ڕەنگی سوور، زەرد،


123

